UNITED KURDISTAN

# یەکبوون

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

October : 2011 | یەکبوون ژمارە ١٩ | خەزەڵوەری ٢٧١١ی کوردی


## مافی چارەی خۆنووسین، ئاشتی و مافی مرۆڤ...

بۆ لاپەرەی ٢

وەرگێران و ئامادە کردنی سەلاح بایەزیدی

## سیاسەت

بۆ لاپەرەی ٦

## مێژووی سیدەکان

بۆ لاپەرەی ٧

## یادێک لە کۆچی دوایی کامران بەدرخان

بۆ لاپەرەی ٩

## یادێک لە مامۆستا کەریم حیسامی

بۆ لاپەرەی ١٠




## پاراستن و گرینگی پێدان بە فەرهەنگ.نیشانەی زیندوو بۆونی هەر نەتەوەیەکە

شنە پێنجوێنی

بۆ لاپەرەی ٣






## ئاوردانەوەیەک لە کێشەی ژنان و هۆکارەکانی

رامبۆد لۆلف پووری

بۆ لاپەرەی ١١

## رۆژژمێری کوردستان

## مندالان

بۆ لاپەرەی ١٣

## تەندروستی

بۆ لاپەرەی ١٤

## وتەی زانایان

بۆ لاپەرەی ١٥

## پەندی پێشینیان

بۆ لاپەرەی ١٦

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون ، گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی رەحمان نەقشی

# مافی چارەی خۆنووسین، ئاشتی و مافی مرۆڤ



وەرگێران و ئامادەکردنی: سەلاح بایەزیدی

ئالێن بوچانان؛ Allen Buchanan زانای زانستە سیاسییەکان، بە تێکەڵکردنی بیروکەی لیبرالیسم و ڕیالیزم، تیۆریەکی نوێی بۆ جیابوونەوە دروست کردووە، ئەگەرچی ئەو تیۆرییە تاڕادەیەکی زۆر لە بیرۆکەیەکی ڕێپێدەرانە بۆ هەبوون دەچێت هەتا تیۆرییەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.



ئەو مشتومڕی ئەوە دەکات کە مافی چارەی خۆنووسین، نابێت وەک مافێکی بنەڕەتی پێناسە بکرێت، بەڵکوو ئەوە مافێکە لە دەرئەنجامی کۆمەڵێک لێوردبوونەوەی ئەخلاقی بەدوای بارودۆخێکی ئاڵۆز و نالەبار بڕیاری لەسەر دراوە بەواتایەک ئەو بیرۆکەیە، ئەو هەڵسەنگاندن و بڕیاردانە هەر دوو ڕوانگەی ڕێئالیست کە جەخت لە سەروەری و یەکپارچەیی حکوومەتەکان وەک تاکە ئەکتەری یاسایی لە سەر ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەیی دەکاتەوە و بیرۆکەی لیبراڵیش لە خۆ دەگرێت کە گرنگی بە خەم و مەراقی مافی تاک بە تاکی خەڵکەکەی دەدات. جیاوازیی هەڵسەنگاندنەکەی »بوچانان» تا ڕادەیەک خۆی لە گرنگیپێدانی ئەو بە هێزی بنەما ئەخلاقییەکان دەبینێتەوە کە ئەو بەردەوامبوونی سیاسەتی جیاکەرەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک بنەمایەک بۆ مافی جیابوونەوە لە قەڵەم دەدات و هاوکات گرنگی پارێزگاریکردن لە فەرهەنگەکان بە هەند وەردەگرێت.

ئەوەندەی کە دیارە، تیۆرەکەی بوچانان بۆ مافی چارەی خۆنووسین زۆرتر دەکرێت وەک بیروکەیەکی لیبراڵ بناسرێت، چونکە ناوبراو، فەرهەنگ وەک هەڵبژاردنێکی تاکەکان لە قەڵەم دەدات لە جیاتی ئەوەی کە وەک مافێکی گشتی پێناسەی بۆ بکات.



لەگەڵ ئەوەیشدا، نەتەوەکان دەکرێت لەم تیۆرییە کەڵک وەرگرن، بۆ نموونە، ئەو نەتەوە ژێردەستەکان بە قوربانیانی سیاسەتی جیاکەرەوەی نەتەوە باڵادەستەکان هەژمار دەکات.

گریمانەی هەری بیران؛( Harry Beran) دەکرێت وەک تیۆرییەک پێناسە بکرێت کە باڵاترین ئاستی داواکارییە ڕادیکاڵ و تا ڕادەیەکی زۆریش لیبراڵییەکانی بەرجەستە کردووەتەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، حکوومەتەکان لەسەر بنەمای یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە دروست کراون و هەموو کەسێک ئەم مافەی هەیە کە هەر کات کە ئارەزوو بکات لەو حکوومەتە جیا ببێتەوە. مافی جیابوونەوەیش وەک و مافێکی سرووشتی و حاشانەکراو، دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی زۆرینەی ناوچەیەک کە ئارەزووی دابڕان لە وڵاتێکی دیکەیان هەیە.

**بەو پێیە، پێویست ناکات کە ئەو زۆرینەیە تووشی چەوساندنەوە و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ ببێتەوە.**

تیۆرەکەی بیران بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ تیۆرییەکانی پێشتردا جیاوازیی هەیە، بەتایبەت لە ڕوانگەی ئەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان یان داهاتووی دانیشتووەکانی هەرێمێک ئەو جیاوازییە زۆرتر زەق دەبێتەوە. هەروەها ئەو ئاماژە بەوە دەکات تەنانەت ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە بە نەتەوەیش هەژمار ناکرێن، مافی ئەوەیان هەیە کە داوای جیابوونەوە بکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا، بیرۆکەکەی بیران کۆمەڵێک گریمانەی ناڕوون و ئاڵۆزیشی پێوە دیارە، ئەو لە دارشتنی لۆجیکێک بۆ تێپەربوون لە قۆناغی مافی تاک بۆ ئۆتۆنۆمی و لە مافی گشت بۆ جیابوونەوە دا کێشەی هەیە، ئەو هەندێک جار بە هێنانەئارای تیۆرییەکی کرچ و کاڵ، ئەو گریمانە بەرجەستە دەکاتەوە، بە چ شێوەیەک زۆرینەی ناوچەیەک خاوەنداریەتیی موڵک و ماڵ و مافی سەروەرییان بەسەر ئەو هەرێمە دا هەیە کە تێیدا دەژین.

نوێترین تیۆری ڕۆژئاوایی بۆ مافی چارەی خۆنووسین لە لایەن بیرمەندانی لیبراڵەوە گەڵاڵە کراوە نەک ناسیۆنالیستەکان، ئەوەیش بۆ هەژموونییە فیکرییەکەی لیبراڵیسم لە ناو ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە و ئەوەی کە باوەڕیان بە ناسیۆنالیزم نەماوە.





هەروەها لە لایەن دەستەی بیردۆزانی سیاسی کۆمەڵگەرا بە شێوەی تیۆریکی پاڵپشتی و پشتگری لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی کراوە. دەستەی سیاسیی بیرمەندانی کۆمەڵگەرا، لە لایەن ئەویشای مارگالیت Avishai Margalit و جۆزێف ڕاز Joseph Raz کە هەر دووکیان بیردۆزی ئەکادیمیکن کۆمەڵێک پاڵیوراوی وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی بە ئاشکراترین شێوە لایەنگرییان کردووە. ئەوان هەروەها جەخت لە پێویستی گرنگیپێدان بە فەرهەنگ دەکەنەوە کە بە شێوەیەکی هاوبەش لە لایەن کۆمەڵێک مرۆڤەوە دروست کراوە و پێکەوەیش چێژیان لێی وەرگرتووە و لە ئەنجامی ئەو پرسەیەدا، کۆمەڵێک پەیوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست بووە.

فەرهەنگ هەر چۆنێک بێت پێویستی بە پاراستنی سیاسی هەیە.



کەوابوو لێکتێگەیشتنێکی بەهێز کە لە زاراوەی لاتیندا بە پرایما فاسیا؛ prima facie بۆ مافیچارەی خۆنووسینی نەتەوەیی مسۆگەر کردووە. «مارگالیت» و «ڕاز» هیچ کامێکمان نکۆڵی لەوە ناکەن کە بەهێزبوونی کۆمەڵگەرایی لەوانەیە کە مافەکانی تاک بە شێوەیەکی بەرچاو سنووردار بکات، بەم پێیە ئەوان لەو دەرئەنجامە نزیک دەبنەوە کە مشتومڕی ئەوە بکەن: هەرچەندە ئەو کۆمەڵگەیە کەمتر دادپەروەرانە بێت، هەر بەو شێوەیشە مافی ئەو بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لاوازتر دەبێت.

تیۆرییەکەی «مارگالیت» و «ڕاز» لە لایەک و ئەوەی «بوچانان» لە لایەکی دیکەوە، دەکرێت وەک نموونەیەکی ئاشکرا لە جیاوازییە فیکرییەکەی نێوان کۆمەڵگەراکان و لیبراڵەکان سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی پێناسە بکرێت، بۆ «مارگالیت» و «ڕاز» فەرهەنگە نەتەوەییەکان چاکەکەر و بەسوودە هەتا ئەو کاتەی کە بە بەڵگە سەڵمێندرا کە وێرانکەر و زیانبەخشە، کەچی »بوچانان» لەسەر ئەو باوەڕیە کە فەرهەنگ پێگە و بەهای خۆی لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەوە وەردەگرێت کە تاکەکان دەیکەن.

کێشەی هەرە سەرەکی لە تیۆرییە سیاسییەکەی کۆمەڵگەراکان، خوی لەوەدا دەبینێتەوە کە تاکەکان مافی ئەوەیان پێدراوە کە لە شێوازگەلی جیاوازی کۆمەڵگەدا بژیێن و ئەو بیرۆکە کۆمەڵگەرایەیش لەوەی کە گرنگییەکی زۆرتر بە کام کۆمەڵگە بدات یان کامیان مافی لە پێشتربوونی هەیە، ڕووبەڕووی کێشەی ململانێی بەرژەوەندییەکان دەبێتەوە. بەتایبەت ئەوە دیار



نییە کە بۆچی کۆمەڵگە نەتەوەییەکان دەبێت مافی لە پێشتربوونیان بەسەر ژێرنەتەوەکان یان کۆمەڵگە فرەنەتەوەییەکاندا هەبێت.

لە لایەکی دیکەوە، دەیڤید میلێر؛ David Miller باس لە پێدانی مافی پێشتربوونی ئەخلاقی بۆ حکوومەتە نەتەوەییەکان دەکات.

ئەگەر ئێمە بیرۆکەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پەسەند بکەین و ئەوەیش لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی بەرچاو پارە و سامانی دەوڵەمەندەکان لە ناو هەژارەکاندا دابەش بکات، هەر وەک میلێر لەسەر ئەو باوەڕیە کە ئێمە دەبێت ئەوەیش بکەین، ئەو کاتە ئێمە دەبێت لە پێناو یەکگرتوویی نەتەوەیی، بەها یاسایی و ئەخلاقییەکانی حکوومەتی نەتەوەیی پەسەند بکەین،

«میلێر» مشتومڕی ئەوە دەکات کە پێویستەیەکی یەکجار زۆر بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە و ئەوەیش تەنیا حکوومەتە کە توانای ڕێکخستن و ئەو ئالوگۆڕە بەربڵاوەی هەیە. کەوابوو، مافی چارەی خوونوسین پێویستی بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە.

لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕەخنەگران لەوەدا گومانیان هەیە کە هەست و سۆزی یەکگرتوویی نەتەوەیی وەک پێویستیەک بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێت و هەروەها مشتومڕی ئەوەیان کردووە کە بەدوای پەسەندکردنی مافی پێشتربوونی حکوومەتە نەتەوەییەکان، ئەگەری ئەوە بەهێزتر دەکات کە بە پەرۆشبوون و هاندان بۆ دادپەروەری نێونەتەوەیی لاواز بکات.

لایەنگری «میلێر» لە ناسیۆنالیسم پێویست بە بڕواپێکردن بە گشتێتی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی دەکات، بەڵام ئەوەیش باڵادەستی حکوومەتە نەتەوەییەکانی لێدەکەوێتەوە و بەکردەوە ئەوە سەلمێنراوە کە پێشێلکارییەکی بەرفراوانی مافەکانی مرۆڤ بە دەستی ئەو حکوومەتە نەتەوەییانە ئەنجامدراوە.

بەواتایەک، «میلێر» لەسەر بنەمای سۆسیالیست دیموکراتیک بوون لایەنگریەکی بەهێز لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی دەکات و هەر ئەوەیش پاڵپشتی کردنی ئەو لە گشتێتی مافەکانی مرۆڤ لاواز کردووە.

مافی چارەی خۆنووسین نەتەوەیی بابەتێکی سەرنجراکێشە، ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە مافی کۆمەڵانی خەڵک بۆ ژیانێک کە بە پێی حەز و ئارەزوی گشتی و فەرهەنگێک کە خۆیان کاری دارشتنیان بۆ کردووە، مسۆگەر دەکات و لەگەڵ بنەماکانی دێمۆکراسیش هاوواتایی هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێک کێشە بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە دەکرێت ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی بکرێت: یەکەم، لە جیهانێکدا کە ژمارەی نەتەوەکان ئێجگار زۆرترە لە حکوومەتەکان، بەربڵاوبوونی داواکاری بۆ مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سیستەمی هەنوکەی حکوومەتەکان و لە ئەنجامی ئەوەیش بۆ سەر ئاشتی نێودەوڵەتی. دووهەم، ناسیۆنالیزم بە کەڵکوەرگرتن لە هەست و سۆزی نەتەوەپەرەستی، هاوپشتییەکی گشتی دروست دەکات و لە ئەنجامی ئەوەیش مەترسییەک بۆ سەر مافەکانی تاک و ڕق و لە بێگانە ترسان دروست دەبێت.

ئەو ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرایە کە چارەسەرێکی ئاسان بۆ کێشەی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی نە لە تیۆری یان لە پراکتیکدا بوونی نییە. کەوابوو، ئێمە لە گەڕان بەدوای چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ پرسی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی، دەکرێت ئاماژە بە چەند ڕێگە چارەیەک بکەین کە لەگەڵ جیابوونەوە هاوتا و هاوسەنگ نییە و هەندیک جار ئەو نەتەوانە دەکرێت بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەن. جیاوازی دانان لە نێوان مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی و پرسی جیابوونەوە، تەنیا ڕاستییەک بە هەموو لایەنەکانییەوە ناخاتەڕوو، بەڵکوو پێویستییەکی پراکتیکیش بەرجەستە دەکات، ئەوە ڕاستییەکی باوەڕپێکراوە کە هەموو نەتەوەیەک، دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێنادرێت، تەنانەت ئەگەر ئەوە ڕێگەیشی پێبدرێت، ڕێی تێناچێت کە یارمەتی بە بڵابوونەوەی دادپەروەری و ئاشتی بکات.

بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو کێشە و کۆسپانەی کە ڕووبەڕووی پرسی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی دەبێتەوە، گەڕان بەدوای هەندێک چارەسەری مامناوەندی وەک ئۆتۆنۆمی، شێوازە جیاوازەکانی فێدراڵیسم و تەنانەت دوورکەوتنەوە لە ناوەندگەراییەکی بەهێز و دواجار، پەسەندکردنی سیستەمی کۆنفیدراڵیسم، دەکرێت وەک چەند ڕێگە چارەیەکی گونجاو و بەرپرسیارانە، لێوردبوونەوە و خوێندنەوەی زۆرتری لەسەر بکرێت.

سەرچاوە: هەولێر

===========================================================================

# پاراستن و گرینگی پێدان بە فەرهەنگ، نیشانەی زیندوو بوونی هەر نەتەوەیەکە

شنە پێنجوێنی



کەلەپووری نەتەوەیی دەنگ دانەوەی ڕابردووە و لەهەمان کاتدا دەنگی سەردەمیشە. (سۆکۆڵۆف)

کورد لەسەردەمە جیا جیاکاندا و لەژێر ناوی (کاشی، لولوی، گوتی، کورتی ، کاسای ، سوباری خالدی ، میتانی، هوری ، هندی، میدیەکان ، کاردۆخی،...) یەکاندا لەناو پانتایی شاخەکانی ئەناتۆڵ و زاگرۆسدا ژیانی خۆیان گوزەراندوە. زمانی کوردی لقێکە لەزمانی هیندوئەوروپییەکان کەدەکرێ پاشماوەی زمانی ماددەکان بێت.

هەمیشە بەهۆی پەلامارە بەردەوامەکانی ( بابلی، ئەکەدی، سۆمەر )یەکانەوە لە جەنگدا بوون . کوردی کوردستان بەسەر ٤ وڵاتدا دابەش کراوە ، عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا وهەندێکیی تریش لە خوارووی ڕۆژئاوای ئەرمینیا وهەندێکی تریشی لە بەشێکی ئازربایجان ولوبنادان .

یەکبوون United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوویە و دابەشکراون

کورد بەگەورەترین نەتەوە دادەنرێ کە تا ئێستاش وڵاتی سەربەخۆی نیە, یان کیانێکی رامیاری یەکگرتووی نیە کە ئەمە لەسەر ئاستی جیهاندا دانی پێدانراوە .

هەروەها لە پێش یەکەم جەنگی جیهانیدا جێگەیەک نەبووە بەناوی ئێراقەوە ، لە دوای کۆتای ئەو جەنگە کورد رۆڵی گەورەی هەبووە لە دروستکردنی ئێراقدا لەو دەمەوە هەتاکوو رووخاندنی رژێمی سەدام بەردەوام هەوڵی سرینەوە و شێواندنی جوگرافیا و داگیرکردنی مێژووی فەرهەنگی کوردستانیان داوە. ئەمە لە رووی داگیر کەرانەوە .

بەڵام گازندەی تەواو رووبەرووی خۆمانە کە بیری نەتەوەییمان نە بۆتە کارێک کە ئیشی لەسەر بکەین.

یان پێگەی بیری نەتەوایەتیمان لای تاکەکانی کورد هێندە بەهێز نیە تا بتوانین دڵسۆزانە لە هەموو روویەکەوە فەرهەنگ و داب ونریتمان بپارێزین هەرو بۆیە زۆر جار کە دەگەرێینەوە بۆ مێژوو لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێوست ناتوانین زۆربەی راستیەکان بۆ بوونی کوردو مێژووەکەی بسەلمێنین.

رەوشتی مەدەنی بەتەنگەوەهاتن و دڵسۆزی یە بۆ بەرژەوەندی گشتی وئاما نجەکانی کە بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی وتاکەکانی ئەم جفاتە ودەسەڵاتدارانی لەماوەی حکومرانیدا پێچەوانەی ئەم کلتوورە یان سەلماندووە.

## ساڵی ١٨٧٣ کۆمەڵێ کورد بە جل و بەرگێکی زۆر کۆن جل و بەرگی کۆنی کوردی

وەک ئەوەی کەس خاوەنی ئەم وولاتە نەبێت وبەتەنگیەوە نەیەت. هەروەها هەستی نیشتمان پەروەری لەم دەفەرەدا بەشیوەیەکی سروشتی هەیە بەڵام زۆر کەمە ، بەهێزکردنی ئەو هەستە خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەکی سیاسی ومەدەنییە وپابەندی کۆمەڵێ فاکتەرە . یان ئێمە بە شێوەیەکی کوردی سیاسیەتی بەعسیزم پیادە دەکەین ونەمناتوانیەوە لەم پەروەردە یە دەرباز بین.




لەبەر ئەوەی ئەم فۆرمە لە پیادەکردنی سیاسەت بۆ بەرژەوەندی گشتی نەبووە بگرە کلتووری دەستوتاقم وکلتوری خزمایەتی لە خزمەتی کۆمەڵێکی دیاریکراو بووە . ئەمانە بوونەتە هۆی لەدایک نەبوونی شوناسێکی نەتەوەی و نیشتمانی وکەم بوونەوی هەستی نیشتمانی لای کۆی جفات کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواندن و نەبوونمان دەسەلمێنێت.

لە کاتێکدا دەبوو ئێمە پێچەوانەی ئەمە هەلوێستمان یەکبخستایە بۆ بەرژەوەندی گشتی و فەزای ئازادیمان لە بیرو بۆچونەکانمان و سیاسەت وبەرێوەبردنی وولات وپەروەدرەی کۆمەڵایەتی وهەماهەنگ بوونایە وچالاکانە بەرنامەو پرۆژەی مەدەنیانەمان هەبوایە بۆ ئەوەی بە عەقلیەتێکی سەردەمیانە غیابی خۆمان شێبکردایەوەو هەنگاوی تازەمان بنایە.

هەر ئەم پەروەردەیە یە کە تاکەکانی کوردی پەرتەوازە کردوەو چ دەسەڵات وچ تاک هەست بە ماف وئەرکەکنی خۆیان ناکەن هەوڵی تێگەیشتنیش نادەن ، تا بتوانرێ لۆژیک بێتە کایەوەو چارەنوسمان دیاری بکات چوون لۆژیک بەرهەمی مرۆڤی تەندروستە.

هەر لەم روانگەیەوە دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بۆ زۆر شتی تر تێبکۆشین، تاکی کورد ئەو پەروەردەیەی نەکراوە، چ لە خێزان وچ لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە ، کە دەبێت وەک تاکێک لە جفاتدا بەرپرسیارتی بخاتە سەر شانی خۆی بەرامبەر بە هەموو کردارێ ، لەوانە خاپوورنە کردنی دامودەزگا گشتیەکان، باخچەکان ، فێرگەکان، رێگا و بان،گرنگی دان بە پاک وخاوێنی وولات کە هیچی کەمتر نیە لەخەبات .

دەبێت ئێمە هەوڵی تەواوەتی بخەینە گەر بۆ دروست کردنی تاکێکی تەندروست و کۆمەلگایەکی مەدەنی و نوێ.

هەر بۆیە پێوسیتمان بە شۆرشێکی رووناکبیری گشتی هەیە لە رووی رامیاری و کۆمەلایەتی و فیکریەوە کە یاسا و لۆژیک وفەزای ئازادی و دڵسۆزی گشتی تێدا بەرقەرار بێت کەتاکەکانی ئەم کۆمەڵە هان بدات وبتوانن شیکردنەوە وبەرنامەی دارێژراو تۆکمایان پێ بێت بۆ خۆیان و بۆ مرۆڤایەتی.

ئەو وڵاتانەی کە بیری مەدەنی کۆمەڵگا بەرێوە دەبات ، هەوڵی تەواوەتی دەدەن بۆ سەلماندنی بونیان، هەر لەبەشداریان بۆ هەموو پرۆسەکانی ژیان وبەرجەستە کردنی زەمینەی دیموکراسی و پیادەکردنی لە ژیانی رۆژانەیانداو بوونی یاسا بۆ سەرەوەری و کردنەوەی سەدان سینەما و شانۆ و پێشانگای هونەری و هەروەها دڵسۆزی لەرادە بەدەری پەروەردەیان بۆ خۆیان و جفاتیان.

ئێمە دەمانەوێت خۆشەویستی بۆ نیشتمان وخاکەکەی لە رووی هونەریەوە بخەینە روو . هەر بۆیە باسەکەمان چڕ دەکەینەوە لەسەر یەکێک لە پرۆژە شارستانیانەی وولاتانی ئەوروپا کە چۆن دام و دەزگاحکومیەکان و هاونیشتمانیان پێکەوە هەوڵی تەواوەتی دەدەن بۆ لەناو نە چوونی جۆری ژیان و کارو پیشەیان لە سەدەکانی رابردو و ئێستادا و پارێزگاری کردن لێیان گرنگی پێدانی وەک کردنەوەی سەدان مۆزەخانە وکارکردنی تێدا ، کە زۆربەی کارمەندەکانی بە خۆبەخش کاری تێدا دەکەن کە ئەمە دلسۆزی بۆ نیشتمان دەسەلمێنێت .

گەر ووشەی مۆزەخانە شیبکەینەوەو بزانین چ ئەرکێکی گرتوۆتە ئەستۆ ئەوە دەگەینە ئەو مانیەیەی کەمۆزەخانە ووشەیەکی لاتینی یە( MUSEM ) بەمانای پەرستگا یان شوێنێک دێت بۆ بیرکردنەوە، زاناکان لەسەردەمی کۆنداو لە ئەسکەندەریە ی میسر دەچوونە ئەم پەرستگایە و کاتیان بەتەواوەتی تەرخان دەکرد بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. لەسەدەی ١٩وە کە سەردەمی گەشەکردن بوو ئەم جۆرە مۆزەخانانە دروست بوون.

مۆزەخانە بنکەیەکی رۆشنبیری هزر ئامێزەو ، هەموو هەوڵێکی خزمەت کردنی مرۆڤ وکۆمەڵگایە، کراوەیە بۆ هەموو کەسێک ، لەناو مۆزەخانەدا هەموو ئەو بەڵگە ویستراو نەبینراوانەی تێدایەکە باس لە چۆنیەتی ژیان و کارو پێشەیان وهەموو ئەو هونەرو ئەدەبانەی لە رابردوو ئێستادا هەبووەوکۆیان دەکاتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی دوو کاری زۆر گەورە لە ئەستۆ دەگرێ؛

یەکەم ؛ ئەرکی مۆزەخانە پاراستنی هەموو ئەوکارە هونەریانەیە لە ( نەمان ، دزین، سووتان،خۆڵ وتۆز، ئاوبردن.....هتد).

دووەم؛ رێگەیەکی زۆر تەندروستە بۆ پێشاندانی هەموو ئەو کارانە هەر لە ( تابلۆکان، هەلکۆڵراوەکان، نەحتەکان ،خانووەکان، هەموو ئەو شتانەی لە ژیاندا هەن ....... بە پێێ

ڕێکەوتی مێژووی نرخ وبەهاکەی جیا دەکرێنەوەو دادەنرێن..
ئەو شوێنەی دەکرێ بە مۆزەخانە لەلایەن کۆمەڵێ شارەزاوە نەخشەی بۆ دادەنرێت بە پێی خوازراو بۆ دروست کردنی مۆزەخانەیەک هەر لە گۆڕینی ( ئاو وهەوا، ڕووناکی پێویست، دیزان بۆدانانی کەل وپەلەکانی مۆزەخانە،...زۆر شتی تر.
زۆر جۆری مۆزەخانە هەیە، ئەوانەی لەسەر ئاستی جیهان ناسراون وهەم ئەوانەی لەسەر شارو ناوچەکان دەنگیان هەیە.وەکوو ، لۆڤەر لە پاریس،بریتش موزەیم لەئینگلترا ، رایک موزەیم لە ئەمستردام ، مۆزەخانەی کراوە لە ئارنهێم و......چەندینی تر.



ئێمە لێرەدا باسەکەمان چڕ دەکەینەوە لەسەر مۆزەخانەکانی هۆلانداو بەتایبەتی شاری ئارنهێم.
کۆنترینیان مۆزەخانە (تیلەرە )ە لە هارلێم کە شارێکی گەورەیە لە هۆلەندا.
١٣ مۆزەخانەی نیشتمانی هەیە لەوانە( رایک موزەیەمە لە ئەمستردامە کە پایتەختی هۆڵەندا یە.
( RIJKSMUSEUM)
مۆزەخانەی ( فانئابی ) لە ئایندهۆڤن ، مۆزەخانەی (کوبرا ) بۆ هونەری تازە لە ( ئامستلفێن ) مۆزەخانەی (مانتهاوس) لەلاهای .
مۆزەخانای ( فنسنت ڤان خۆخ)لەئەمستردام .
مۆزەخانەی هونەری تازە لە ئارنهێم ، وبەسادان مۆزەخانەی تر.
لە هۆڵەندا ١٤ (PROVINCIES) هەیە واتە بەش یان موقاتەعە، وەهەر یەکێک لەم بەشانە لە کۆمەڵێ شارو شارۆچکەو لادێ پێک دێ، بەدەیان مۆزەخانە بەدی دەکرێ لەناو ئەم شارو لادێیانەدا، ئێمە یەکێک لەم بەشانە وەردەگرین کە (GELDERLAND) ە ، وەیەکێک لە شارەکانی کە( ARNHEM)ە.
لە بەشی ( GELDERLAND ) ٩٢ مۆزەخانەی جۆراو جۆر هەیە،
بەناوبانگترینیان (OPENLUCHTMUSEUM) ە، واتە مۆزەخانە لەهەوادا واتە کراوە.هەتا ساڵی ١٩٩٣ مۆزەخانەی نیشتمانی بوو،ئەم مۆزەخانەیە دیمەنی هەموو ئەو ژیانەمان دەداتێ لە چەند سەدەکانی رابردوودا،بەسەریان بردووە، جۆری ژیان وکارکردنیان بە هۆی دروست کردنی هەموو ئەو خانوو بەرەو شوێنی کاریان وەک ( کێڵگەکان، ئاش ، کەنیسەکان، کارگەی دروست کردنی بەروو بوومی شیر هەر لەماست وپەنیرو جۆرەکانی تر،.... هەموو ئەو دیمانەنانی ژیانی ئەو سەردەمە پشان دەدرێ، وەهەندێ لەو خانوانە خەڵکی هۆڵەندی تێیێدا وەک ئەکتەرێک رۆڵی ئەو کەسانە دەبینن کە لەو سەردەمانەدا بوون، کاتێ میوانەکان دێن دەتوانن گەرم وگوری زیاتر پشان بدەن .وە هەموو جۆرە کارێکی هونەری پێشکەش دەکرێ، ئەو کارە دەستیانەی کۆن ،پێشاندانی جل وبەرگی کۆن، کۆتایی هەفتە بەزۆری بەرنامەی چالاکیان هەیە بۆقوتابخانەو فێرگەکان نموونە، بەروبووم دوورینەوە، وانەی گەنم، پاسەوانی ئەسپ وکەرنەفالی منداڵانە کە چۆن لەسەردەمی خۆیدا رووی داوە.
شارەوانیەکان پێش وەخت تێدەکۆشن بە دانانی پلان بۆ بەرنامەو کارو چالاکیەکان وپرۆژەکانیان .
ناردن وهەڵواسینی و دانانی لە شوێنی گونجاو دا تا هەر کەس ئارەزووی کرد زانیاری بزانێ دەچێتە سەر وێبسایتی ئەو مۆزەخانەیەو هەموو ئاسانکاریەک بە زۆربەی زمانە جیهانیەکان کراوە ،
پلانی کردنەوەی مۆزەخانەی کراوە لە ئارنهێم لە لایەن (FREDERIC ADOLF HOEFER) ەلە ساڵی ١٩١٢ دا بوو وە لە ١٣ یولێو ساڵێ ١٩١٨ دەرگای ئەم مۆزەخانەیە کرایەوە لەگەڵ هێنانی ٦ جۆری بینا کە لە شوێنەکانی تری شارەکانەوە گوازراوەتەوە بۆ ئەم مۆزەخانەیە .
لەساڵی ١٩٨٧ ئەم مۆزەخانەیە داخرا لە بەرنەبوونی میوان ، بۆیە دوای دەنگ بەرزکردنەوەی خەڵک و چوونە سەرجادەو بەیارمەتی هەموو لایەک جارێکی تر دەرگاکانی کرانەوە.
لە ساڵێ ١٩٩٦ هێڵێ ترامی رۆتردام ودانهاخیان بۆ راکێشا کە دوو شاری گەورەن لە هۆڵاندا.بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ میوانەکان بکەن کە ئەم ترامە لەبەردەرگای چوونە ژوورەوەی مۆزەخانەکەدا دەوستێ ومیوانان دەگوێزێتەوە .
لە پێش دەرگاکە فۆرمێک یان شکلێک لە شێوەی هێلکەدا هەیە، بە فیلم ژیانی کۆنی هۆڵاندا پشان دەدات لە ٦ پانۆرامادا.
ئەم مۆزەخانەیە لەساڵی ٢٠٠٥ دا خەڵاتی باشترین مۆزەخانەی ئەوروپی وەرگرت لەلایەن شاژنی بروکسل ( FABIOLA )وە.
مەبەستی سەرەکی لە کردنەوەی مۆزەخانە، بە مانای زیندوو بوونی هەر نەتەوەیەکە.
بەسەردانی هەندێ لە مۆزەخانە کان دەتگەرێننەوە بۆ ئەو بۆن وبەرامەو ئەو پەیوەندیە خێزانی وگەرم و گوورِەی کە لەو سەردەمەدا هەبووەو دەبێتە هۆی ئەوەی کەش وهەوایەکی تایبەتت پێ ببەخشێت، تابلۆیەکی جیاوازت بۆ دەنەخشێنت کە مرۆڤ لەگەڵ جیهانگیریدا کەمتر چێژ لە گەرمو گوری وسادەیی ژیان دەبین، گەرانەوە بۆ ئەو یادە ئارامیت پێ دەبەخشێت خاڵێکی تر ناساندی مێژووی میللەتێکە بە نەوەکانی خۆی وشیکردنەوەو راڤە کردنیان بە مەبەستی وەرگرتنی هونەری وزانیاری.
بەسەربردنی چەند کاتێکی خۆش وچەند خولەکێک دوورکەوتنەوە لە دووبارە بوونەوەی ژیانی ئاسایی.
مۆزەخانە بۆ کارو چالاکیەکانی ژیان بەکار دەهێنرێت بۆ نموونە ، هۆڵێ گەورەوشانۆکانیان بەکرێ دەگیرێ بۆ پرۆسەی (هاوسەرگیری ، ئاهەنگ گێران بۆ رۆژی لەدایک بوون، کۆرو کۆبونەوەی چەندین کۆمپانیا، ........هتد ) کە ئەمەش قازانجی دەگەرێتەوە بۆ مۆزەخانەکان تا کارو جالاکیەکانیان بەرفراوان بکەن.
هەروەها سەرچاوەیەکی باشی داراییە کاتێ بەسەدان گەریدە وگەشتیار سەردانی وولاتەکەیان دەکەن لەهەمان کاتیشدا دەبێتە جێی شانازی وباسکردنی لەلایەن وولاتانی جیهانەوە .
ئەم جۆرە کارو پلانانە بیری کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەسەلمێنێت کە خوازیاری زانیاری وزانست وتازەگەرین و لەگەڵ خواست وئاستاکانی سەردەمدا دێنەوەو هەوڵی تەواوەتی دەدەن بۆ دەرخستنی هەموو ئەو بەها جوانانەی کە مرۆڤ بۆ مرۆڤایاتی دەیهێنێتە ئاراوە. ئەمە بەڵگەی خۆشەویستیە بۆ نیشتیمان ، بۆ بەرەهەمی مرۆڤایەتی ، جوانی ، تازەگەری ، ئەمە ئەو

کەشتییە سەر شێتەیە کە لە شەپۆلی ئاوەکان دەدات تا وێنەیەکی ئەفسوناوی دروست بکات و لەیادەکاندا بمێنێەوە.
هەر بۆیە دەبێت ئێمەی کوردیش گرنگی بدەین بە مێژوو فەرهەنگی خۆمان بڕوامان بە توانای تاکەکەنی خۆمان هەبێت ، تا بتوانین بەهەمووشێوەیەک لە وون بوون خۆمان بپارێزین جوانی بە ژیان بدەیین.
پرۆسەی بەڕێوەبردنی وولات تەنها کارو پیشەی دەسەڵاتداران نیە بەڵکوو کۆی هاونیشتمانیان دەگرێتەوە کە لەم ئاراشەدا چالاکانە بەشدار بن وبەرژەوەندیە تایبەتیەکان وەلا بنێن بۆ بەرژەوەندی گشتی تێبکۆشین بۆ دروست بوونی ئەقلیەتی مەدەنی بۆ تاکەکانی کۆمەڵ وکۆمەڵگایەکی وشیار بێتە کایەوە.
ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتدارانە کە هەوڵی تەواوەتی بدەن کە سیمای شارەکان بناسرێتەوە و هەنگاوێکی دڵسۆزانەی بۆ بدرێت هەر لەکردنەوەی دەیان هۆڵی سینەماو شانۆ هەروەک ڕووناکبیرێک دەڵێ کاتێ سیمای شار دەناسیتەوە کە هۆڵی شانۆ وسینەماکانی لە جێشتخانەکان زیاتر بێت.
دروست کردنی دەیان مۆزەخانە بۆ شارەکان لەسەر هەموو ئەو داواکاریانەی کە مۆزەخانەیەک دەیخوازێ ، بەدواچوون بکرێ بۆ ئەو شوێنە کۆنانەی هەمانە و یان ئەو کەلوپەلانەی بەرهەمی مرۆڤی کورد بوون لەسەردەمانی خۆید ا و پارێزگاری کردن لێیان، بە گرینگ زانینی ئەم پرۆژانە خۆمان وژیانمان لە وون بوون دەپارێزێت.
ئەرکی سەرشانی هەموو هاوڵاتیەکە خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتمان و جفاتەکەی لەهەموو ڕوویەکەوە بسەلمێنێت چوون تا مرۆڤ لە ناو نێشتماندا هەست بە بەرپرسیارێتی نەکات و تێناکۆشێ و کار ناکات بۆ ئامانج کە ئازادی وسەربەخۆییە.

سەرچاوەکان بە سوپاسەوە:
١- یەک کاتژمێری ماوە بۆ نیوەی شەو؛ فاروق ڕەفیق
٢- مێژووی کوردو کوردستان ؛ محەمەد ئەمین زەکی
٣- کورد لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد
٤- NEDERLANDS OPENLUCHTMUSEUM TE ARNHEM, WELKOM!
٥- خوێندنەوەی کۆمەڵی سەرچاوەی تر لەفیبسیاتەکان.

سەرچاوە : سایتی چراکان

===========================================================================

# سیاسەت

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

ئەم وتارە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی لەخۆ نەگرتووە بۆ پشتڕاستکردنەوەی تەواوی زانیارییەکان. تکایە بە زیادکردنی بەشی ئاماژە بە سەرچاوەکان، یارمەتی ویکیپیدیا بدە بۆ گەشەپێدانی ئەم وتارە. وتارە بێ سەرچاوەکان مشتومڕیان لەسەر دەکرێت و لەوانەیە بسڕێنەوە.
سیاسەت پرۆسەیەک یا شێوازێکی وەرگرتنی بڕیارە بۆ گروپەکان. هەرچەند باوە کە سیاسەت بە حکومەتەوە وابەستە بێ، بەڵام سیاسەت لە هەموو چاڵاکییەکانی مرۆڤدا و لە دامەزراوە ئەکادیمیایی و ئایینی و بازرگانیەکاندا بەدی دەکرێ.



زانستی سیاسی بریتیە لە دیراسەکردنی هەڵس و کەوتی سیاسی و پشکنینی چۆنیەتی وەدەستهێنان و پێڕەوکردنی دەسەڵاتە، بۆ نمونە توانای سەپاندنی ئیرادەی خۆت بەسەر کەسێکی تر. تیۆرزانێک بەناوی هارۆڵد لاسوێل بەم شێوەیە پێناسەی سیاسەتی کردووە "کێ چی وەدەست دێنی و کەی و چۆن".

### ناوەڕۆک

١- دەوڵەتێکی سروشتی
٢- مێژوو
٣- پێناسەکان
٤- هێزی سیاسی
٥- دەسەڵات و شەرعیەت ٥,١ تەقلیدی ٥,٢ کاریزمایی
٥.٣ یاسایی هوشیارانە

## دەوڵەتێکی سروشتی

لە ساڵی ١٦٥١ دا تۆماس هۆبز بەناوبانگترین کتێبی خۆی بو ناوی Leviathan بە چاپ گەیاند و، لەو کتێبە بۆ بەهانە هێنانەوە بۆ هاتنەکایەوەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ مودێلێکی پەرەسەندنی سەرەتایی مرۆڤ خستە ڕوو. هۆبز لەو مودێلە باسی لە دەوڵتێکی نایابی سروشت دەکرد کە تیایدا هەموو تاکەکان بەیەکسانی سود لە سەرچاوەکانی سروشت وەدەگرن و لە بەکارهێنانی هەر ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو سەرچاوانە ئازادن. بۆ هۆبز دەرکەوت کە ئەمجۆرە ڕێکخستنە بووە هۆی پەیدابوونی "شەڕی هەمووان دژی هەمووان" یاخود بە لاتینی " bellum omnium contra omnes". جگە لەوەش بۆی دەرکەوت کە پیاوان لەو حاڵتەدا دەچنە نێو حاڵتێکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دەستبەرداری مافی ڕەهای خۆیان بۆ هەندێ جۆری

یەکبوون
United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

پاراستن دەبن. لەکاتێکدا وا دیارە کە هەرەمەکانی زاڵبوون و هاوکاری کۆمەڵایەتی بونیان بۆ سەردەمی بەر لە هاتنەکایەوەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. مودێلی هۆبز لۆژیکی هێنانەکایەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤ پیشان دەدات.

## مێژوو

ڤی جی گلاید ئەو گۆڕانکاریەی کە بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤ کە لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠٠پێشی زایینیدا هات بە شۆرشی شارستانی ناو دەبات. یەکێ لە روخسارەکانی ئەم جۆرە نوێیەی شارستانیەت بە دامەزراوەکردنی چینایەتی کۆمەڵایەتی و پیشە ناکشتوکاڵییەکان (لەوانە پیاوانی ئاین و پارێزەران) و باجسەندن و نوسینە. کە هەموویان پێویستیان بە بوونی بە شوێنێکی پڕ لە دانیشتوانە- یاخود شارەکانە.

وشەی سیاسەت (politics) لە وشەی یۆنانی (polis) سەرچاوەی گرتووە. سیاسەتی بازرگانی و ئاینی و ئەکادیمیایی و هەموو جۆرە سشیاەتێکی تر – بە تایبەتی ئەوانەی بەدەست کەم سەرچاوەییەوە دەناڵێنن- هەرەمێکی زاڵبون لەخۆیان دەگرن، کەواتە سیاسەتن. زۆربەی جار سیاسەت لەرووی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی حکومەتەکاندا دەخوێندرێ. کۆنترین شێوەی حکومەت شێوەی رێکخراوی خێڵکی بوو. حوکمی پاشایەتی میراتگری حوکمی گەورە پیاوانی خێڵ بوو و سیستەمیچکی فیوداڵ وەک ریچکخستنێگ کە تیایدا تاکە خێزانێک کۆنترۆڵی کاروبارە سیاسیەکانی گروپێک دەکرد. کەواتە مێژووی سیستەمی پاشایەتی بۆ ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کە بەردەوام بەشێوەیەک لە شێوەکان هەبووە.

## پێناسەکان

هێز (Power) تواناى سەپاندنى ویستی خۆتە بەسەر کەسێکی تر. رەنگە سەپاندنەکە تواناى هێزیشی لەگەڵدایە، یاخود با بڵێین توند و تیژی.

دەسەڵات (Authority) هێزی سەپاندنی یاساکان و مسۆگەرکردنی ملکەچی و سەرکردایەتیکردن و دەستنیشانکردن و حوکمکردن.

شەرعیەت (Legitimacy) خەسڵەتێکی حکومەتە کە بەرێگەی وەدەستهێنان و پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی هێز بەپێی پرەنسیپ و پێوەری دانپیانراو و قبوڵکراو وەریگرتووە.

حکومەت ئەو دەستەیە کە دەسەڵاتی هەیە یاسا دەربکات و بیانسەپێنێ.

## هێزی سیاسی

رستە بەناوبانگەکەی ساموێل گۆمپەرز "دۆستەکانت خەڵات بکە و دوژمنەکانت سزا بدە" باس لە دوو جۆر لە پێنج جۆرەکەی هێز دەکات کە زانایانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی باسیان لێوە دەکەن، یاخود با بڵێین هێزی هاندەر incentive power (دەسەڵاتی خەڵاتکردن) و هێزی خورتی coercive power (دەسەڵاتی سزادان). هەرسێ هێزەکەی تریش لەم دووانە هەڵدەقوڵێن. هێزی شەرعیانە، هێزی پۆلیس یاخود ناوبژیوان، ئەو دەسەڵاتەیە کە بە تاکێک بەخشراوە و بەو پێیە دەتوانێ پێوەری هەڵس و کەوتەکان بسەپێنێ. هێزی شەرعیانە لە هێزی خورتی ئەچێ بەوەی کە هەڵس و کەوتی نابەجێ بە غەرامە یاخود سزایەکی تر سزا دەدات. هێزی ناوبژیوان، هێزێکە بە کەسانێک دەبەخشرێ لەبەر چاکییان یاخود دەستکەوتەکانیان یاخود هەڵوێستەکانیان. تێرکدرنی حەزی هەستکردن بە وێکچوون لەگەڵ ناودارێک یا قارەمانێک ئەوە خەڵاتی ملکەچبوونە. هێزی پسپۆر، هێزێکە لە خوێندن یا ئەزموونە سەرچاوەی گرتووە. زۆر جار جێبەجێکردنی رێنماییەکانی راهێنەرێچکی بەئەزموون سەرکەوتنی لێ بەرهەمدێ وەک خەڵات. هێزسپۆران بە بارودۆخەکانەوە بەندە، چونکە نەشتەگەرێکی مێشک ناتوانێ بۆریەکانی ئاوی ماڵەکەت بۆ چاک بکاتەوە.

## دەسەڵات و شەرعیەت

ماکس وێبەر سێ سەرچاوەی شەرعیەت بۆ دەسەڵات دەستنیشانکردووە کە بە (پۆلینکردنی سێ لایەنەی دەسەڵات) ناسراوە. هەروەها سێ هۆی پێشنیار کردووە کە لەبەر چی خەڵک ئەو فەرمانانەی کە پێیان دەدرێ جێبەجێ دەکەن:

## تەقلیدی

دەسەڵاتە تەقلیدیەکان پشتیوانیان هەیە چونکە بەردەوامن و پشتیوانی لە بەها هەبووەکان و حاڵی حازر status quo دەکەن. دەسەڵاتی تەقلیدی درێژترین مێژووی هەیە. کۆمەڵگەی باوکسالاری (و لەوەش دەگمەنتر دایکسالاری) سەرچاوەی پاشایەتی بۆماوەیین کە تیایاندا دەسەڵات وەچەکانی سەرکردەکانی پێشوو دەدرا. شوێنکەوتوانیش ملکەچی ئەمجۆرە دەسەڵاتە دەبن چونکە دەڵێن "ئێمە هەر فێری ئەم شێوازە بووینە". نمونەی دەسەڵاتدارانی تەقلیدی پادشاکان و شاژنەکانن.

## کاریزمایی

دەسەڵاتی کاریزمایی بۆ جوانی روح سوکی کەسێک یاخود هێزی کەسایەتی تاکێک دەگەڕێتەوە (بۆ نمونەی هەرە توندڕۆ بروانە کەسایەتی پەرستن). رژێمە کاریزماییەکان بە تەمەن کورتی ناسراون و بەدەگمەن لەپاش مردنی ئەو کەسانەی بەڕێوەیان دەبەن دەمێنن.

## یاسایی هوشیارانە

دەسەڵاتە یاسایی و مەعقولەکان تواناکانییان لە سەپاندنی هەڵس و کەوت لەو پۆستەی کە هەیانە وەردەگرن. ئەوجۆرە دەسەڵاتە پێویستی بە ملکەچی بۆ پۆستەکە نەک بۆ خاوەن پۆستەکە بن. دیموکراسییە مۆدێرنەکان نمونەی رژێمە یاسایی هۆشیاریانەن.

==============================================================

# مێژووی سیدەکان

سیدەکان شارۆچکەیەکی سەر بە قەزای سۆرانە کە ناوەندی ناحیەی برادۆستە (لە ساڵی ١٩٩٦بە بریارێکی حکومەتی هەرێم ناوەی ئەم ناحیە کراوە بە سیدەکان) لە ئەوپەڕی باکووری پارێزگای هەولێر و کەوتۆتە رۆژئاوای شاری شنۆ وە. سیدەکان کە بە ناحیەی برادۆست دەناسرێت لە رووی رووبەرەوە گەورەترین ناحیەکانی هەولێرە و زۆربەی دەڤەرەکە شاخاویە و دەشتانیی کەمە. باشترین شوێنە بۆ بەروبوومی ئاژەڵداری و کشت وکاڵ هەروەها لە رۆژگاری دێریندا رێرەوێکی گرینگی بازرگانی بووە رۆژهەڵات و رۆژئاوای پێکەوە بەستۆتەوە بە رێگەی کێلە شینەوە.

مێژووی سیدەکان(برادوست) زۆر کەونارایە.. بنکەی خۆرپەرستی رۆژگاری ئۆرارتۆ لە نزیک ئەم شارۆچکەیە بووە و بە مساسر یان موصاصرٍ دەناسرا کە ئەمرۆ پاشماوەکانی لە گوندی مجێسەر دا ماون. شای ئاشووریەکان سەرگۆنی دووەم لە ٧١٤ پێش زایین هێرشێکی لە ناکاوی بردۆتە سەر پاشای موساسر ئورزانا و بەزاندوویەتی و پەرستگای پیرۆزی مساسری خاپوور

کردووەو تاڵانی زێڕو زیوو و سەر و ماڵاتی دەڤەرەکەی گواستۆتەوە بو نینەوای پایتەختی ئاشووریەکان.. تۆمارەکانی خرسابادی نینەوا باس لەم هێرشەی شای ئاشوور دەکەن. نووسراوەی کێلەشین (کە ئەمرۆ لە مۆزیمی ئورمیە پارێزراوە)و نووسراوەی سەر کێلی تۆپزاوا (کە لە مۆزیمی هەولێرە) دوو شایەتحاڵی گرینگی مێژووی کەونارای سیدەکانن. لە رۆژگاری عەبباسیەکان سیدەکان بەشێک بووە لە ویلایەتی ئازەربێجان و مووسڵ و بۆ ماوەیەک یەحیا ی بەرمەکی کە والی مووسڵ و ئازەرێجان بوو سەرپەرشتی ئیدارەی باج و دەرامەتی رێرەوی کێلەشینی دەکرد. دواتر کوردانی زەرزا (زەرزاری) و رەوەندی هەدبانی رۆڵی گرینگیان هەبوو لەم ناوچەیەدا. لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئەییوبییەکان سیدەکان بەشێک بووە لە دەوڵتی ئەییوبی و باج ودەرامەتی کێلەشین بە هۆی میرەکانی زەرزاوە رەوانەی میسرِ دەکرا. لە کتێبی صبح الاعشی دانراوی ساڵی ٨١٢ کۆچی باس لە سیدەکان و بەرازگر و کێلەشین دەکات و دەڵێت : چیای جنجرینی هەنداو شنۆ لەلای راستەوە زیدی هۆزێکە بە ناوی زەرزا هەروەها باس لە دەڤەری مازکرد (بەرازگرد) و رستاق (رۆست) ومرت (هێرت) دەکات و ناوی میر حوسامەدینی زەرزاری دێنێت کە



الزعيم عبدالكريم قاسم يستقبل محمود بك برادوست وفتاح الهركي وسيمه الهركي وعثمان بك لخوشناو

محمود بەگ برادۆست لەگەڵ وەفدی عەشایری هەولێر لە دیداری عبدالکریم قاسم

ئەوسا میری سیدەکان بووە و میر حنش کوڕی ئیسماعیلیش میری بەرازگر بووە و هاوچەرخی حوکمدارێتی هۆلاکۆ بوونە کە پاتەختەکەی لە مەراغەو تەورێز بووە. لە رۆژگاری شەڕی دمدم سیدەکان و رەواندز هەر بەدەست هۆزی زەرزاوە بوو پاشان میری سۆران داگیری کرد.. لە دوای شەڕی دمدم نەوەکانی خانی لەپزێرین میرایەتی سیدەکان و بەرازگریان پێدرا و تا لە رۆژگاری میری رەواندز (پاشای گەورە ١٨٢٠ ) دووبارە خرایەوە ژێر کۆنترۆڵی میرنشینی سۆرانەوە. لە ساڵی ١٨٣٧ کاتێک راولینسنی گەرێدەی ئینگلیز گەیشتۆتە رەواندز ناوچەی برادۆست لە دۆخێکی نالەباردا بوو. پاش چەند ساڵێک لەشکری ئێران لە دیوی شنۆوە هێرشێکی کردە سەر قەڵای سیدەکان و بۆ ماویوەک تۆپبارانیان کرد بەڵام دواتر کشانەوە بۆ ئەودیوی سنوور. پاش هەرەسی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٨٢ ناوچەکە شڵەقا و بووە پەناگەی چەندین خەڵکی موهاجری دیوی ئورمێ و شەمدینان ، لە ١٩١٧ کاتێک لەشکری رووسیا هێرشی کردە سەر رەواندز بەشێکی سوپای رووس وهاوپەیمانە ئەرمەنی و ئاشوریەکان رژانە دیوی برادۆست. . هێررشبەرانی رووس رووبەرووی بەرگری هۆزەکان بوونەوە هەر لەم شەڕەشدا مەلا محمدامینی هەوێلان لە نزیک گوندی هەسنان بە دەستی لەشکری رووس کوژرا. کاتێک سمکۆ پەنای بردە بەر سیدەکان لە گوندی ژووژیلەی بناری چیای بۆڵێ گیرسایەوەو لەشکری شکاک بە ناوچەکەدا بڵاوبووبون تا ساڵی ١٩٣٠ کاتێک سمکۆ گەڕایەوە ئێران ولە شنۆ شەهیدکرا. هەر لەو ساتەدا لە لۆلان خانەقای شێخ رەشید ناوبانگی دەرکرد و موریدێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە. پاشان لە سیەکان لەگەڵ دراوسێکانی لە بارزان دووچاری کێشەو ناکۆکی بوون. ساڵی ١٩٣١ شەڕ لە هەردوولاوە درووست بوو و حکومەتی عیراق و سوپای ئینگلیزیش تێوەگلان . . لە سەرەتای درووست بوونی یەکە ئیداریەکانی حکومەتی عیراق سیدەکان کراوە بە ناحیە و گوازراوە شوێنە نوێیەکەی. لە سەردەمی کۆماری مەهاباد مەحمودبەگ گەورەی ناوچەکە بوو. لە پاش ساڵی ١٩٥٨ شێخ رەشیدی لۆلان لە حکومەتی عبدالکریم قاسم هەڵگەڕایەوەو پەنای بردە بەر ئێران ،، دواتر ناوچەکە لەلایەن شیوعیەکانی لایەنگری دەوڵەتی عیراق و بارزانیەکانەوە کۆنترۆڵکرا.. لە ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٧٥ناوچەکە نائارامیەکی زۆری بەخوە بینی و لە ساڵی ١٩٧٨ پاش پەیدابوونی مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە هەکاری و خواکورک.. ناوچە سنووریەکانی چۆلکران و خەڵکەکەی راگوازرانەوە هەولێر و لە کۆمەڵگاکانی کەسنەزان و دیگەڵەو تۆپزاوە نیشتەجێکران. لە پاش ساڵی١٩٨٤ سیدەکان بەرەیەکی گرینگی شەڕی نێوان ئێران وعیراق بوو.

## جوگرافیای سیدەکان

سیدەکان لە نەخشەی دەولەتی عوسمانیدا سالی ١٨٥٣

ناوچەکە بە گشتی هاوینان فێنک و مەیلەو گەرمە و زستانیشی ساردو بەفراویە. رێژەی بارانبارینی لە چاو ناوچەکانی تر بەرزترەو و بەفر لە کێوە سەرکەژەکانیدا دەمێنێت..

## رووبارەکان

گادەر و بۆگەن و هاجیبەگ و نزاری و زەنا هەر لە سیدەکانەوە سەرچاوە دەگرن. رێرەوی گادەر بەرەو شنۆ دەشتی سندووسە تا دەریای وورمی و هاجیبەگ دەرژێتە زێی گەورە لە رێزان و نزارێ و زەنا تێکەڵی ئاوی رووباری قەلەندەر دەبنەوەو دەرژێتە رووباری رەواندز و تێکەڵی ئاوی زێی گەورە دەبێتەوە

## بێرم و مێرگ

لە کۆپکی زۆزانەکانی برادۆست، چەند گۆمی مەزن هەن کە جێماوەی بورکانین و بە بێرم دەناسرێن. گرینگترینیان بێرمی دیندارانە. لە نێوان گوندی بیرکم و کێلەشین. جوانترین مێرگەکانی برادۆست مێرگەمیر[١] و مێرگەدوکان و هەوار بنەوش و مێرگەهەوش.

## چیاکان

بەرزترین چیای کوردستانی باشوور حەساررۆست و کۆپکەکەی (هەڵگورد) کەوتۆتە رۆژهەڵاتی سیدەکان. چیاکانی تر بریتین لە : * چیای حەسەنبەگ (هەنداو دیانا) * چیای رەبەنۆک و سەری بەردی *گۆشینە (لە هەنداو شارۆچکەی سیدەکان) * چیای بۆڵێ * چیای بەربزین * چیای قەلەندەر * چیای شەکیو * چیای ئاودەلکیو * سیاکۆ * شەماشە * هاجەر * چیاکانی خواکورک و بەرازگر

## دەشتەکان

گرینترین دەشتایی ناوچەی سیدەکانی برادۆست : بریتین لە دەشتی هێرت و دەشتی بەرازگر.

## گوندەکان

ئارێ – ئاکوان – ئالانە - ئالموشی سەروو - ئالمووشی خواروو – ئالۆکان – ئالەدوا – ئالەکا - ئاوبرا - ئینەمسید

باجارا - باسەکانی خواروو - باسەکانی سەروو – بالەکە – برەپیر - بزنکرە - بلەسەنان - بن هەوراز – بناوانۆک – بناویلۆک - بنپەریزە – بندەر – بنکەور – بنی - رەشکین- بوزینە – بۆزان - بۆلی – بیرتە - بیرکۆل – بیجوانا – بیرکمە - بیرۆشمە – بیزەفەران – بیژان - بیسۆت – هاومار- بیسۆک - بیسیو - بیقەپوشک – بیکۆل – بیمەسوران - بیواسی خواروو - بیواسی سەروو – بەرچیخە – بەردەسۆر – بەرگرد – بەرمیزە – بەرۆژە – بەرەبۆز – بەنان – بەنان – بەنی - پارەو – پاشپال - پونگستا - پیرا برایم – پیربەینان – پیرکان – پیرەکە – پیخە – پەنجار – تالستا – تالین - تالەجار – تاوکان – تاوکە - تۆبزاوە – تیروان – تەلان – جورجا - جۆخین گەلا – جۆنەرە – جەرا – چنارین - چناری

– چونسە – چۆرت – چەمەلوا – خاستۆ – خراوا - خشۆلا – خنیرە – خوماری – خوماریە – خۆراگر - خۆران – خەترە – خەروانە – خەزنە – خەلیفان داسنی – دالە - دایلا-دوستانا-(دوستانا – دەشتی هیرت)- دوورەملک - دۆلا – دۆلهەلۆ – دۆلەبیران – دیاناوا – دیریشکا – دیری – دیوین – دەراو - دەراوی خواروو - دەراوی سەروو – دەرهۆل - (دەرهۆل – دەشتی هیرت)- دەریا سۆر - دەریا لۆک - دەریان - دەحلە کوش-دەلاوا - دەهۆلا – رکاوا - رکاوە – رووسۆر - رەسول ئۆمەرا – زراوک – زیارەت - زیلۆی – زیرکان – زەروا – ژووژیلە – ژیلیا – سارداو - سالاریا – سپیارا – سپیگا – سپینداری – سمخەیلا - سماقە – سنین – سویکینە – سۆریا – سۆرەزەویا – سیدا - سیدەکان (شارۆچکە)- سیران - سیرۆ-سی کوچکە – سەربیش – سەرگردسەروو - شابکی – شاناشا – شکیرا – شکەن – شناو - شۆشنەی خواروو - شۆشنەی سەروو – شیوان – شیوەسان – شیوەسەقەر - شیوەگەرمی خواروو – شیوەگەرمی سەروو - شیوەن - شیخ رەش – شیخان – شیلکان - شەمزینە کەلا – شەمەرما - عەرەب کۆلا – قەلیتان - کانی باز - کانی بەناو - کانی چنار - کانی شعبان - کانی مەلا-کانیە رەش – کاولا – کاولۆک - کاولە باس – کوژینە – کویرەکە - کویکان - کۆسپەتەنگ - کۆلیت – کۆلیتان - کیلەگا – کەتینە – کەرزاوا - کەژەک - کەلۆیە - کەلەک - کەلەولا-کەمەک - کەندە هۆلا - کەونە سیدەکان - کەونە گوند – کەوەرت - گردموسەک - گرکەبەن - گلە رەش – گوراکۆری - گوربەتراش - گورەشا – گولیژگە - گویزە قولی – گۆڕا - گۆرا-گۆرابیی – گۆرمەمک - گۆرەدیم - گەرەپیچ - گەلان گەردی - لۆکان – لۆلان – لیتان – لیرەبان – لیلکان - مارە مەلا – مالایەر - مالە مەلا – مالەدەر – ماونا - ماوەتاوەی خواروو-ماوەتاوەی سەروو – ماوەرد – مجیسەر – مغار – موسلۆک – میرزیت - مینای خواروو - مینای سەروو – میرگەرەش - مەرگەوەرۆکی خواروو - مەرگەوەرۆکی سەروو – مەزرە - مەلا بادین-مەمدیا – مەیدان - ناودارۆک – ناورۆین – ناومیرگان – ناوەروان – نزاری - نیکەوە – نەیا – هارونە – هۆرەیس - هۆلی – هیردەن – هیشم - هەتکای خواروو - هەتکای سەروو-هەجری - هەدنیی خواروو - هەدنیی سەروو – هەرین – هەویلان – هەیات - وسوان. سەرچاوە : ویکیپیدیا



چیای شەکیو



مێرگەدوکان



ئەسپەکانی کوێستان



مێرگەحەوش

=====================================================================================

## یادێک لە کۆچی دوایی کامران بەدرخان نووسەر،پسپۆری زمانی کوردی و مامۆستا لە زانکوی سۆربۆن لە پاریس

کامەران عەلی بەدرخان لە ٢١ی ئاگوستی ١٨٩٥ لە ئەستەنبول لەدایکبووە و کوڕی ئەمین عەلی بەدرخانی کوردی بەدرخانی بەگی میری بۆتانە. کامەران چالاکەوانێکی ڕامیاری، دادپەروەر و نووسەرێکی سەرکەوتوو بووە.



باوکی کامەران بەچالاکەوانێکی ڕامیاری مەزن لە مێژووی بزووتنەوەری ڕزگاریخوازی کوردیدا دەناسرێت، هەروەها جەلادەتی برای بە داهێنەری ئەلفوبێی کورمانجی ناوبانگی هەیە.

کامەران لەساڵی ١٩٥٤دا خاتوو "d'Ossovetzky Nathalie"، میری پۆڵۆنیا، دەهێنێت و تا کۆچی دوایی لەساڵی ١٩٧٥دا پێکەوە دەژین. دەرئەنجامی ئەم هاوسەرگیرییەش هیچ منداڵێک ناخەنەوە.

کامەران لە ئەستەنبوول سەردانی قوتابخانەیەکی فەڕەنسی بەناوی "mekteb-i sultânî" دەکات. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٠٦ بۆ ١٩٠٨ لەگەڵ خێزانەکەی لە ئەستەنبوول بەهۆی گومانی تێوەگلان لە کوشتنی "ڕەزوان پادشا" دووردەخرێنەوە. کامەران لە "Isparta" و "Akkon" دەژی. دوای گەڕانەوەیان بۆ ئەستەنبوول کامەران یاسا دەخوێنێت و دوای تەواوکردنی وەک پارێزەرێک کار دەکات. لەساڵی ١٩١٨ دا وەک هەموو ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی دەبێتە ئەندامی "Kürdistan Teali Cemiyeti".

کاتێک جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات و عوسمانییەکان شکستیان هێنا و "موستەفا کەمال" دەسەڵاتی گرتە دەست، کامەران دژی "موستەفا کەمال" بوو، هەربۆیە لەساڵی ١٩١٩دا لەسەر فەرمانی دەسەڵاتدارانی ئەستەنبول لەگەڵ کورەکانیدا، پارێزگاری "Harput" و ئەفسەری بەریتانی "Edward W. C. Noel" بەرەوو "Sivas" بڕۆن، تا کۆنگرەکە "موستەفا کەمال" تێکبدەن و دواتر دەستگیری بکەن. بەڵام ئەم کارە بەئەنجام نەگەیشت.

پاش ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لەلایەن "موستەفا کەمال"ەوە، کامەران تورکیا بەجێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ئەڵمانیا. سەرەتا لەگەڵ خانەوادەکەی لە میونیخ دەژی و دواتر ڕوو دەکاتە شاری لایپزگ و لەوێ دکتۆرا بەدەستدەهێنێت. لەدوای ساڵی ١٩٢٧ لە سوریا نیشتەجێ دەبێت و دەچێتە ڕیزی ڕێکخراوی "Xoybûn". هاوکات یارمەتی براکەی بۆ دەرچوواندنی ڕۆژنامەی "Hawar" دەدات.

لەنێوان ساڵی ١٩٤٣ بۆ ١٩٤٦ کامەران لە بەیروت گۆڤاری "Roja Nû" و "Stêr" بەهەردوو زمانی فەڕەنسی و کوردی دەردەکات. لەساڵەکانی داهاتووتردا لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا ژیان بەسەر دەبات. ئەوساتەی لە سییەکانی سەدەی پێشوودا لە بەرلین دەبێت، بە ئێرانیناس "Hadank Karl" ئاشنا دەبێت. لەساڵی ١٩٤٨دا دەبێتە ئەندامی لە " Institut national des langues et civilisations orientales" (=پەیمانگای زمان و شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکان).

لەساڵی ١٩٦٠دا دەبێتە وتەبێژی مەلا موستەفای بەرزانی لە ئەوروپا و هاوکات دەبێتە خاڵێکی گرنگ لە پەیوەندی نێوان کورد و ئیسرائیلدا. لەو کاتەدا ئیسرائیل کوردی وەک کەرەسەیەکی لاوازکردنی سوپای ئێراق تەماشا دەکرد.

لەساڵی ١٩٧٠دا کامەران خۆی خانەنشین دەکات و لە ٤ی ئۆکتوبری ١٩٧٨ دا لە پاریس پێتەختی فەرانسە کۆچی دوایی دەکات.

وەک ڕێزلێنانێک بۆ کارەکانی بە دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگای کوردی لە پاریس ناوبرا.

سەرچاوە : خۆزگە

یەکبوون

United Kurdistan

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# دەیەمین ساڵەوەگەڕی کۆچی دوایی نووسەرتێکۆشەری کورد مامۆستا کەریمی حیسامی

عبدللکریم حیسامی، کە بە کەریم حسامی ناسراوە، ساڵی ١٩٢٦لە گوندی ( بەیرەم) ناوچەی مەنگوری مەهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی وەرزێر و دیندار چاوی بە دنیا هەڵێناوە.




بە منداڵی لە لای میرزا رەسوی گوندی و لە لای بابی خوێندوویە. پاشان لەبەر دەست تەنگی و نەداری بنەماڵەی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بداو بە کارو کوێرەوەری کشت و کاڵەوە خەریک بوە. ساڵی ١٩٤٤چۆتە نێورێکخراوی کۆمەڵەی ژک (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد). هەر لەم ساڵەدا بە هۆی لەداست دانی برا گەورەکەی و دەست تەنگی ماڵەوە کاری سیاسی بۆ ماوەیەک وەلا دەنی. دووای تێکچونی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٩ دەبێتە تەندامی حیزبی دێمۆکراتی تیران،و چالاکانە بەردەوام دەبێ لە تێکۆشان. ساڵی ١٩٥٣ بە نوێنەرایەتی لاوانی کورد لە کوردستانی تیران لە ڤیستیواڵی چواردەمی لاوانی جیهاندا لە بوخارست پێتەختی رۆمانیا بەشداری کردووە.

چەند جار بە تاوانی خەباتی سیاسی کەوتۆتە بەندیخانەو، تاخرجار بە ٣ساڵ حوکم دراوە. کاتێ لە بەندیخانەدا بووە، باوکی و خێزانی و منداڵەکەی مردوون و لە دیداریان بەشبراو بووە. دووای تازادی لە زیندان ساڵی ١٩٥٧ لە مەهاباد لە ژێر تێقامەتی تیجباریدا بووە. ساڵی ١٩٥٨ ڕایکردووە چۆتە کوردستانی غێراق و لە بەغدا داوای پەنابەری سیاسی کردووە.

سالی ١٩٦٠ دووای تەنگەژەی سیاسی لە باشووری کوردستان چۆتە چێکوسلڤاکیا. لەوی چۆتە زانستگاو، لیسانسی زانستی کۆمەلایەتی لە زانستگای پراگ وەرگرتووە. پاشان چۆتە بولغاریاو تا ساڵی ١٩٧٠لە بەشی کوردی رادیۆی پەیکی تێراندا کاری کردووە. دوا بە دووای بەیانی ١١ی تادار چۆتە وە غێراق و لە ڕێکخستنەوە و بوژانەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی تێراندا چالاکانە بەشداری کردووە، تا سالی ١٩٧٨ جێگری سکرتێرو تەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی تیران بووە. دووای روخانی رژێمی پاشایەتی گەراوەتەوە بۆ تیران و تا سالی ١٩٨٤ لە حیزبدا تێکۆشاوەو بەرپرسایەتی جۆراوجۆری لە تەستۆ بووە. ساڵی١٩٨٤ کاتێکی بە تیجازەی دەفتەری سیاسی بۆ سەردانی منداڵەکانی بە سەفەر هاتۆتە توروپا، ڵە لایەن بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب بە نووسراوەیەکی سێ چوار دێری لە حیزبی دێمۆکرات بە یەکجاری وەلا دەنرێ.

کەریمی حسامی جگە لە تێکۆشانی سیاسی لە مەیدانی نووسین و وەرگێرانیشدا دەستی بالای هەبووە.

پێنج ساڵ سەرنووسەری رۆژنامەی سەردەمی نوێ بووە کە لە سوید دەرچوە. جگە لە ١١ بەرگی بیرەوەریەکانی خۆیی ، تا تیستا ٢١ کتێبی دیکەی نووسیوەو ١٧ کتێبیشی لە زمانی بێگانەوە کردوون بە کوردی. لە چەندەها سێمینارو کۆنفرانسی جۆراوجۆردا سەبارەت بە مەسەڵەی کورد بەشداری کردووە. تا تەو کاتەی لە ژیاندا بووە لە نووسین و خزمەت بە نەتەوەی کورد بەردەوام بووە. لە ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٠١ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

---




١٩٢٦ زایینی لە گوندی (بەیرەم) لە ناوچەیی مهاباد لە دایک بووە.

١٩٤١ هاتووەتە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

١٩٥٣ بەشداری فێستیڤاڵی لاوان لە بوخارستی کردووە.

١٩٥٤ لە لایەن ڕێژێمی پەهلەوییەوە دەستگیر کراوە.

١٩٥٧ لە زیندان ئازاد کراوە.

١٩٥٩ ڕوو لە باشووری کوردستان دەکات.

١٩٦٠ ڕوو لە چیکوسلۆڤاکیای دەکات.

١٩٦٤ دەچێتە بولغارستان و دەبێتە وێژەر لە ڕادیۆ پەیکی ئێران.

١٩٦٧سەردانی باشووری کوردستان دەکاتەوە.

١٩٧١ لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێردرێت.

١٩٧٢ لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبدا دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئەرکی جێگری سکرتێری حیزب بەڕێوە دەبات.

١٩٧٩ دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

١٩٨٠ لە لایەن ڕێژێمی عێراقەوە دەستگیر دەکرێ.

١٩٨٤ کاتی سەردانی بنەماڵەکەی لە بلغارستان، لە حیزبی دئموکرات وەلا دەنرێ.

١٩٨٦ لە بەلغارستانەوە کۆچ دەکا بۆ سوئێد.

١٩٨٦ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ و .....

- جگە لە نووسینی سەدان ووتار، ٣١ کتێبی نووسیوە.

- ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٠١ دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

سەرچاوە : سایتی مامۆستا کەریم حیسامی

# ئاوڕدانەوەیەک لە کێشەی ژنان و هۆکارەکانی



**رامبۆد لۆتف پووری**

یەکێ لە گرنگترین و بەرفرەترین کێشەکانی کۆمەڵگای ئینسانی، کێشەی ژنان یا بابەتی چەوساندنەوەی ژنان و بێ بەشبوونیان لە ماف و ئازادی یە سروشتی و شارستانی یەکانیانە. ئەم کێشەیە بە ناوی جۆراوجۆری وەک جیاوازیی ژن و پیاو، نابەرابەریی ژن و پیاو و چەوساندنەوەی ژن لەلایەن پیاوەوە باسی لێکراوە و لە روانگەی جۆراوجۆری وەک، روانگەی مارکسیستی، لیبراڵی، سایکۆلۆژی و. . . خراوەتە بەرباس و تاوتوێ کراوە. هێندێ کەس بارودۆخی ئێستای ژنان و نابەرابەرییان لەگەڵ پیاو بە کێشەیەکی ئاسایی و سرووشتی دەزانن و لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم نایەکسانی یە لە جیاوازی بایۆلۆژیکی و دەروونیی ژن و پیاوەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆ وێنە ژنان لە روانگەی فرۆیدەوە "مرۆڤی پلە دوون و پێکهاتەی بنەمایی دەروونییان، بۆتە هۆی تەبایی یان لەگەڵ نزمیی ئاستی ژیانیان لە بەراورد لەگەڵ ژیانی پیاوان دا"، یا بە پێی بۆچوونی پارسۆنز "ژن و پیاو لە بنەماڵە دا ئەرک و رۆڵی جیاوازیان هەیە، پیاو دەبێ بەڕێوەبەری بنەماڵە بێ، چونکە ئەوە کە پێوەندیی، یەکەی بنەماڵە و کۆمەڵگا پێک دێنێ، ژنانیش پێویستە خەریکی پەروەردەکردنی منداڵ و پێڕاگەیشتن بە پەککەوتووانی بنەماڵە بن و بە سۆزو خۆشەویستی و دلۆڤانی یەوە چوارچێوەی بنەماڵە برازێننەوە و تین و گوڕی تێ دا پێک بێنن، تێکەڵاوبوونی رۆڵی ژن و پیاو لە بنەماڵە دا، دەبێتە هۆی پێشبڕکێ و تێکچوونی سامانی بنەماڵە".



بەڵام هێندێ بۆچوونی دیکە وەک فێمینیستەکان، لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئینسانەکان رەنگە لە بەهرە دا جیاواز بن، بەڵام لە سروشت و گەوهەردا یەکسانن، کەوابوو ئەو جیاوازی و نابەرابەری یە ئاکامی جیاوازیی بایۆلۆژیک و دەروونیی ژن و پیاو نیە، بەڵکوو بەرهەمی ئەو سیستمەیە کە پیاو بۆ پاراستن و دەستەبەرکردنی دەسەڵات و سەردارێتیی خۆی پێکی هێناوەو دەڵێن، هەرکاتێ شێوازی ژیانی ژنان لە کۆمەڵگادا جێبگرێ، سەقامگیر بێ و ببێ بە بەشێ لە ژیانی گشتی، جیهانیش بۆ مرۆڤ دەبێتە جێی حەسانەوە و ئارامی.

لەم وتارە دا بە تێڕوانینێکی رەخنەگرانە لە بارودۆخی ئێستای ژنان، هەوڵ دەدەین بەکورتی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە:

١- ژنان لە چ بارودۆخێک دا دەژین؟

٢- بۆ کەوتوونەتە ئەو بارودۆخەوە؟

٣- چۆن دەکرێ ئەم بارودۆخە بگۆڕدرێ؟

### * ژنان لە چ بارودۆخێکدا دەژین؟

لە کۆمەڵگا دا ژنان وەک مرۆڤی پلە دوو سەیر دەکرێن و لە زۆربەی مافە سروشتی و شارستانی‌یەکانی خۆیان بێ بەش کراون. ژنان و پیاوان نە تەنیا پێگەو جێگەی جیاوازو نابەرابەریان لە کۆمەڵگا دا هەیە، بەڵکوو ژنان هەڵاواردن و ستەمێکی رەگەزیی زۆریشیان دەرهەق کراوەو دەکرێ، ژنان لە بەراورد لەگەڵ پیاوگەلێ کە لە هەمان جێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان دان، لە سەرچاوەی ماددی، کۆمەڵایەتی، دەرفەت و دەسەڵاتێکی کەمتر بۆ پەروەردەکردن و خوێندن بەهرەمەندن. لە بەشێ لە وڵاتانی جیهان دا ژنان هێشتا مافی دەنگدانیان نیە، (بەتایبەت لە وڵاتە عەرەبی‌یەکان دا) تا ماوەیەکی لەمەوبەر لە عەرەبستانی سەعوودی دا تەنانەت ناسنامەشیان پێ نەدەدان، لە هێندێ ناوچەی هیندوستان دا بێوە ژن پاش مردنی مێردەکەی، دەبێ خۆی بکوژێ، لە بەشێ لە وڵاتانی ئیسلامیی وەک ئێران دا هێشتا بەردە باران یا نەریتی نامرۆڤانەی خەتەنەی ژنان بەڕێوە دەچێ، بەکارهێنانی دەمارگرژی سەبارەت بە ژنان و دەستدرێژی کردنە سەریان لە ئاستێکی فراوان دا بەدی دەکرێ.

ژنان بوونەتە قوربانیی سیستمی پیاوسالاری، کە مافی پیاوان بۆ دەسەڵاتداری و سەروەری لە بنەماڵە دا بەڕەوا دەزانێ و ژنان وەک بەشێ لە دارایی و دەسکەوتەکانی پیاو دەخاتە خزمەت ئەم توێژە باڵادەستەوە. پیاوسالاری بەرهەمی سروشتی و لاوەکیی هێندێ فاکتی وەک: فاکتەری بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی یا رۆڵە رەگەزی‌یەکان و چینە کۆمەڵایەتی یەکان نیە، بەڵکوو پتر پێکهاتەیەکی دەسەڵاتە بە پێی ویستێکی گشتی و بە بۆچوونی فێمینیستە رادیکاڵەکان، بنەمایی‌ترین و بنەڕەتی ترین پێکهاتەی چەوساندنەوە، تایبەتە بە چەوساندنەوەی رەگەزی و لە سیستمی پیاوسالاری دا جێبەجێ دەکرێ. لەم نیزامە دا پیاو فێر دەبێ کە چۆن بە چاوی سووکەوە چاو لە ئینسانەکانی دیکە بکاو بیانهێنێتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

### * ژن بۆ کەوتۆتە ئەم بارودۆخەوە؟

لە روانگەی فێمینیستەکانەوە ژنی ئێستا، بەو شێوازە بیرکردنەوەو شێوەی ژیانەوە، بەرهەمی دەسەڵاتی پیاو و لەخۆ نامۆبوون و لە سروشت و نێوەرۆکی راستەقینەی خۆی دوور کەوتۆتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەوە کۆمەڵگای پیاوسالار بووە کە بۆ بەرژەوەندی خۆی، بەدرێژایی مێژوو هەوڵی گۆڕینی سروشتی ژنی داوە لە خزمەت ویست و خواستەکانی خۆی دا، ژنی وەک هێزێکی

کاری بەلاش، باشترین ئامراز بۆ دامرکاندنەوەی ئاوری ئارەزووەکانی و دەوڵەمەندترین سەرچاوەی هەست و سۆزو پشتگیریی ڕەوانی بەشێوەیەک پێناسە کردوە کە لە خزمەتی ویست و دەسەڵاتی ئەو دا بێ.

ئەو زانستە کە خەڵک لە کۆمەڵگا، ژن و ڕۆڵەکانی هەیەتی و ئەو یاساو ڕێسایە کە سەبارەت بە ژن و پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ کۆمەڵگا بە یاسایەکی گشتی، تەواوو ڕەهای دەزانێ، لەڕاستی دا ڕەنگدانەوەی ئەزموونی پیاوە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ لە ڕوانگەی ژنەوە سەیری جیهان، کۆمەڵگا، ڕاستی‌یەکان و پێوەندیی ئینسانەکان بکا، واتە لە ڕوانگەی ئەو توێژەوە سەیری جیهان بکا کە ئەگەرچی ئێستا لە زۆربەی بوارەکان دا، ژێردەستەن، بەڵام نیوەی کۆمەڵگای ئینسانی و سەرچاوەیەکی بەهێزی ژیانی کۆمەڵایەتین.

کەوابوو لەو سیستمە فێرکاری‌یە دا کە پیاو بەرهەمی هێناوە، ژنان لە بنەماو سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان دوور کەوتوونەتەوەو ئەو پێناسەیەی کە سیستمی فێرکردنی پیاوسالار بۆیانی داناوە، وەک پێناسەی ڕاستەقینەی خۆیان وەریان گرتووە. بە واتایەک ئەو سیستمە فێرکاری یە پیاوسالارانەیە، بەردەوام خەریکی پێکهێنان و چەسپاندنی دەسەڵاتی پیاوسەرداری بووە و ژنانیش سەرەڕای هێندێ خۆڕاگری و بەرخۆدانی جاروبار، ئەو سیستمەیان پەسند کردوە و چالاکانە بۆ کۆت کردنی زیاتری خۆیان هەنگاو دەنێن.

هەڵاواردنی ڕەگەزی کە بەرهەمی ئەو سیستمە فێرکاری یەیە، ژنان هەر لە منداڵی یەوە ڕادێنێ کە ڕۆڵگەلی داهاتوویان بەو چەشنەی کە فێرکراون، بەڕێوەببەن و بەردەوام مرۆڤێکی شوێنکەوتە، ناتەواوو پلە دوو بن. دەست ڕانەگەیشتنی ژنان بە سەرچاوە ئابووری یەکان یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی تەریککەوتنەوەیان لە بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگاو سیاسەت دایە، کەم دەسەڵاتیی ژن لەم بوارە و توانای جەستەیی پیاو بۆ کاری دژوارو زۆر، بۆتە هۆی سەرکەوتنی ئەندێشەی پیاوانە و زاڵبوونی بەسەر ئەندێشەی ژنانیش دا.

### * چۆن دەکرێ ئەم بارودۆخە بگۆڕدرێ؟

بۆ ئەوەی ئەم جۆرە لە پێوەندی و ئەم سیستمە دەسەڵاتە لە کۆمەڵگا دا بگۆڕدرێ، پێویستە هزرو بیری ژنان بەشێوەیەکی بنچینەیی نۆژەن بکرێتەوە هەتا خوێندنەوەو ڕوانینێکی نوێیان بۆ پێوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکان و پێناسەکردنی خۆیان و ویست و بەهاکانیان ببێ، بەچەشنێ کە خۆیان لاواز و بێ هێزو مرۆڤی پلە دوو نەزانن و ئەو پێناسەیەی کە کۆمەڵگای پیاوسالار بۆی داناون، نەکەن بە بناغەی ناسینی خۆیان.

یەکگرتنی ژنان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەرچەشنە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی و بەرپەرچدانەوەی ئەو میکانیزمەی کە مرۆڤی پلە دوویان لێ دروست دەکا بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو هەڵاواردنە، هەوڵ و هەنگاوێکی کاریگەرە. سەربەخۆبوونی ژنان لە بواری ئابووری یەوە، بۆ چارەسەری کێشەکەیان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ، چونکە وابەستەیی ماددی یەکێ لە گەورەترین کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، کە وابوو پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵ، سەندیکا و یەکیەتی بۆ بەڕێوەبردنی سەربەخۆیی ئابووری‌یان و تاوتوێ کردنی کێشەکانیان و یەکگرتن بۆ بەکارهێنانی هەموو سەرچاوە ئابووری، سیاسی و دەستووری یەکان بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە بارودۆخەکە دا، پێویستە.

هەوڵ دان بۆ گۆڕینی ئەو سیستمە پەروەردە و فێرکردنەی کە بەسەر کۆمەڵگا دا زاڵە، هەنگاوێکی کاریگەرە، بۆیە پێویستە ئەو سیستمە لە بنەماڵە، کۆمەڵگا و قوتابخانەکان دا گۆڕانی بەسەردا بێ.

لە کۆتایی دا ئاماژە بە وتەیەکی کارل مارکس دەکەین کە دەڵێ:

***"ژێردەستی و شوێنکەوتەیی ژنان لە سروشت و پێکهاتەی بایۆلۆژییانەوە کە نەگۆڕە، سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو بەرهەمی ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییانەیە کە مێژینەیەکی ئاشکراو دیاریان هەیەو شیاوی گۆڕانن."(١)***

ژێدەر:

(1) ریتزر . جورج، تئوریه جامعه‌شناسی در دوران معاێر، ترجمه محسن پلاپی، انتشارات علمی، چاپ چهارم ١٣٧٩، یٚفحه ۴٨٠

ریتزر . جورج، تئوریه جامعه‌شناسی در دوران معاێر، ترجمه محسن پلاپی، انتشارات علمی، چاپ چهارم ١٣٧٩

رامبۆد لۆتف‌پووری ٢٠٠٦ lotfpury@yahoo.com سەرچاوە ویبلاگی تەوار





# مندالآن





## قەلە ڕەشێکی نەفام و مشکێکی ژیر



نووسینی / حاتەم باتاسی

جارێکیان راوچیەک لەناو دارستانێکدا داوی بۆ گرتنی باڵندە دانایەوە، ماوە بە ماوە دەچووە لای داوەکە بەڵکو باڵندەیەکی سوودبەخشی پێوە بووبێت...ڕۆژێک قەلە ڕەشێکی بەدبەخت دەکەوێتە ناو داوەکە، قەلەڕەشەکە بەمە زۆر دڵتەنگ بوو هەموو گیانی لەترسا دەلەرزی‌و نەیدەزانی چی بکات! بەڵام پێش ئەوەی راوچییەکە بهێتە شوێنەکە مشکێک ڕێگای دەکەوێتە نزیک قەلە ڕەشەکەو بۆیە پێی ئەڵێت:- ئەوە بۆ هەتا زووەو ڕاوچیەکە نەهاتووە بەفریای خۆت ناکەویت؟! قەلەڕەشەکە وتی:- من لەناو ئەو داوە بە تەنیا چیم پێ ئەکرێت مەگەر تۆ بەفریام بکەویت‌و رزگارم بکەیت. مشکەکە وتی:- تۆ ئەگەر ژیر بیت بە تەنیاش زۆر توانات هەیە، چونکە توانا سەرچاوەکەی لەژیرێتییەوە هەڵدەقوڵێت، تاوەکو خۆت پێیەوە لەناو ئەو داوە رزگار بکەیت . قەلەڕەشەکە وتی:- پێ دەچێت تۆ زۆر هۆشمەند بیت‌و توانای ئەوەت هەبێت پێش ئەوەی بکەومە چنگی ڕاوچی رزگارم بکەیت... مشکەکە وتی:- ئەی قەلەڕەش تۆ دەنووکێکت هەیە دەتوانی زوو هەر لەناو داوەکەخەریکی لێک پچڕانی داوەکە بوویایت تاوەکو شوێنی لەشت تیا دەکردەوە کە بەو شێوەیە رزگار دەبوویت. قەلەڕەشەکە وتی:- ڕاست دەکەی بۆیە هەر ئێستا بەو دەنووکەی خۆم خەریکی لێک پچڕانی داوەکە ئەبم تاوەکو بەبارتەقای لەشم دەیپچڕێنم بەڵکو بتوانم گیانم لەو مەترسیە رزگار بکەم. مشکەکە وتی:- کەواتە بۆ ئەوەی هەتا زووەو ڕاوچیەکە نەهاتۆتە ئێرە با پەلەبکەین من لەدەرەوەی داوەکەو تۆش هەر لەناو داوەکە پێکەوە خەریکی پچڕپچڕ کردنی داوەکە ئەبین. دوای ئەم گفتوگۆیە پێکەوە دەستیان بە ئیش کرد تا توانیان داوەکە بپچڕێنن‌و قەلە ڕەشەکەش لەناو داوەکە بهێتە دەرەوە، ئینجا قەلە ڕەشەکە هەناسەیەکی پڕ لەخۆشی هەڵکێشاو زەردەخەنە سەر لێوەکانی گرت‌و پڕ بە دڵ زۆر سوپاسی مشکەکەی کرد کە بەهیمەتی ژیرێتی‌و ئازایەتی ئەو توانی لەچنگی ڕاوچی گیانی لە مەترسی رزگار بکرێت وە فێریش بێت لەمەودوا چۆن بەهۆی ژیرێتییەوە پشت بەتوانای خۆی ببەستێت

## وەرزەکانی سال و مانگە کوردییەکان





لە هۆنراوەکانی / حاتەم باتاسی

مندالآن وەرن فێر بن
تا بزانن ئێوەی مندالْ
(بەهار)ە یەکەم وەرز
دووەم وەرز (هاوین)
سێیەم) پایز)ە بزانە
چوارەم (زستان)ی سەرمایە
هەر وەرزێک کەدانراوە
مانگەکانی (بەهار) منالآن
(هاوین) مانگی پشوو درێژ
لە(پایز) ڕەزبەر، سەرەتای وەرزە
(زستان) بەفرانبارو ئەمانەیە
مانگی کوردین ئەم ناوانە
هەر ناوێ لێک جیاوازە
مندالآن هەردەم ژیر بن

گوێ لەمن ڕادێر بن
چوارن وەرزەکانی سالْ
دەردەکەوێ بەسەوز
گەرماکەی زۆر بەتینە
وەرزی گەلآڕێزانە
وەرزی باران و بایە
لەسێ مانگی تەواوە
نەورۆز، گوڵان، جۆزەردان
پوشپەر، خەرمانان، گەلاوێژ
ئینجا، گەلارێزان‌و سەرماوەرزە
ڕێبەندان‌و ڕەشەمێیە
پڕ لەواتای جوان جوانە
ناگۆڕێ لەو شێوازە
ئەو ناوانەو لەبیر بن





# تەندروستی

## ترێ و قازانجەکانی ترێ



ترێ بەری دارمێوە شوێنی بنەڕەتی ئاسیایە یەکەم جاریش فینقیەکان گواستیانەوە بۆ دوورگەکانی یۆنان و سەقلییە و ئیتاڵیا و مەرسلیا و میسر و شام و شوێنی دیکەش ، وەکو خواردن و شەربەت بەکاریان هێناوە. ترێ مادە بەسوودەکانی وەک "ساکارۆز" و "گلوکز" و "دیکسترۆز" ی تێدایە و سەرچاوەیەکی گرنگی مادەکانی وەک مەنیزیۆم و ئاسن و مەنگنێزە . ترێ و ئاوی ترێ دەرمانێکی شیاو و بەسوودە بۆ نەخۆشی کەم خوێنی و دەبێتەهۆی بەهێزکردنی دڵ و ڕێکوپێکردنی لێدانی دڵ.

چارەسەر بە ترێ

پێکهاتووە لە ڕێژەیەکی بەرز لە شەکری ترێ و کالسیۆم وفۆسفۆر و ئاسن و ڕێژەیەکی کەم لە ڤیتامینی A و C. هەروەها باشە بۆ:

١- پاککردن و نەرم کردنی خوێن وهاندانی چالاکیی کۆئەندامی هەرسەوە.

٢- دەمار و ماسولکەکان بەهێزتر وچالاکتر دەکات و دەبێتە هۆی تازەکردنەوەی خانەکانی ناو لەش و چارەسەرکردنی کەم خوێنی و کەمی خۆراک و هیلاکی و لاوازی و پەستانی سەر ئێسقان.

٣- باشە بۆ زەردوویی و دەبێتە هۆی دەرکردنی ژەهراوی ناو لەش بۆ دەرەوەی لەش و باشە بۆ نەخۆشییەکانی گورچیلە.

٤- کوڵاوی گەڵای ووشکی ترێ باشە بۆ چارەسەرکردنی بەستنی میزەوە (کێشەی میزنەکردن) و سکچوون بە خواردنەوەی یەک کوپی کوڵاوی گەڵای ووشک پێشی نان خواردن.

٥- ترێی ووشک کراو (مێوژ) خواردنێکی بەهێزە و باشە بۆ جگەر و هاندەرە بۆ چالاکیی گشتی لەش، هەروەها کوڵاوەکەی لەگەڵ ئاو و شەکر بۆ چارەسەرکردن و نەرم کردنی کۆکە و ڕێکخستنی هەناسەدان. تێبینی/ نابێت مێوژ و خورما بە پێکەوە بەهەنجێنرێن چونکە زوو گەنییو دەبن. هەروەها نابێت مێوژ لە (٣) ڕۆژ زیاتر بمێنێتەوە چونکە تێک دەچێت و پێکهاتەکەی دەگۆڕێت بە تایبەتی لە ژینگەیەکی گەرم.

**ترێ یەکێکەلەمیوەبەسودەکان** و لەوکاتەوەناسراوە کە صینیەکان وهندیەکان خواردویانەوبەکاریان هێناوە

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

## بێگومان خەوتنی باش خۆراکە بۆ ماندوێتی جەستەمان لە ژیانی ڕۆژانەمان دا

بۆیە تاوەکو بچینە جیهانی تەندروستی باش پێویستە باش بخەوین تا ئەوەی دوکتۆر و زاناکان دەڵێن:



تەندروستی باش پەیوەندی بە خەوتنی باش هەیە.

خوێنەری بەڕێز.. تۆش بۆ ئەوەی بچیتە خەوێکی ئارامی قوڵ ، ڕەچاوی ئەم (١٠) هەنگاوانەی خوارەوە بکە :

١ - لە کاتی خۆی دا بخەوە و لە کاتی خۆیشی هەڵسە لە خەو و بەرنامەی نوستنت مەگۆڕە تەنانەت لە کاتی پشووەکانیشا.

٢ - زۆر خواردن مەخۆ و زۆر ئاو مەخۆرەوە بەر لەوەی بچیت بخەویت.

٣ - هەموو ئێوارەیەک خۆت دوور بگرە لەو خواردن و خواردنەوانەی نیکۆتینی تیایە ، وە لە خواردنەوەی قاوە و کاکاو

٤ - بەر لەوەی بچیت بخەویت تۆزێ پیاسە بکە.

٥ - با ژووری نوستنەکەت لە کاتی نوستنت دا فێنک و تا ڕاددەیەک تاریک بێ ، وە زۆر هێمن بێ.

٦ - هەوڵ بدە هەموو شەوێ لە یەک شوێن بخەویت و شوێنی نوستنەکەت نەگۆڕیت.

٧ - با شوێنی نوستنەکەت نەرم بێ.

٨ - بەر لە نوستن هیچ شتێکی بێزارکەر مەخەرە مێشکتەوە.

٩ - کاتێک هەستت بە ماندوویتی زۆر کرد ڕاستەوخۆ بچۆ بخەوە (ئەگەر میوانت نەبوو. (

١٠ - هیچ حەب و دەرمانێ بەکار مەهێنە بە مەبەستی نوستنت چونکە زیان بە نوستن و تەندروستیت دەگەیەنێت.

لە ئینگلیزیەوە : Tilikar



# وتەی زانایان







من هەموو سەرکەووتنەکانم قەرزداری ئەو ئومیدانەم کە لە قۆناغی لاوێتیدا لە دلمدا چاندم بوو.

بەختەوەری لە ئەوە دایە مرۆڤ بزانیت چی دەوێ و ئەوەی ئارەزوویەتی بە دل و بە گیان بیت.

ڕەمز و سەرکەوتنتان تەنها ویست و ئیرادەیە.

هیچ ڕۆژێک لە ئەمرۆ بە نرخ تر نییە.

خۆشەویستی میوەی هەموو وەرزیکە لەبەر دەستی هەمووان دایە.



ئەگەر بتەوێت تۆیان خۆش بوێ ، خۆشت بوێن وخۆشەویست بە.

زەردەخەنە جوانترین ئارایشی ڕووخسارە.



پینووس کاریگەرترن چەکە.

دنیا ئەوندە پر لە فرەوانییە کە چارەیەکتان نییە بێجگە لە شادی کردن.

لە تاریکیدا کە چا و دەست بە بینین دەکات نرخی چاو دەردەکەوێت.

تەنها بۆ مرۆڤی گەشبین ، خۆ دروست کردن بۆ داهاتوو مومکینە.



دەبێ بژی بۆ نوسین نەک بنوسی بۆ ژیان.

خراپترین خەمەکان گوومان و دوو دلییە.

لیبوردن لە هەلەکان تۆلە سەندنەوەیەکی نەرمە.



لە نێو دلی خۆت دا بنووسە هەموو ڕۆژێک باشترین و خۆشترین ڕۆژی سالە.

ژیان بە دیهێنانی بەرهەمی ئەمرە.

ڕۆژگار زۆر مێهرەبانە بۆ کەسێک کە بزانێ کاتی خۆی چۆن و بەچی تێپپەڕ بکات.

بەختەوەری خێزانی درێژ خایەنترین و پتەو ترین و شیرین ترین بەختەوەرییە.

تەنها بێ دەنگی دەم گەیێنیتە زانین.

# پەندی پێشینان



تەرازوی ئێرەت ئەگەر سەنگ نەکا
تەرازوی ئەولات سەرت دەرئەکا

بۆ ئیشی بچوک، قەت تێمەکۆشە
گۆم هەتا قووڵ بێ بۆ مەلە خۆشە

ئەگەر قسەی حەق لە من دەپرسی
تێر ئاگای نییە هەرگیز لە برسی

بەو کەسە دەڵێن عاقڵ و وشیار
دو جار لە جێیەک پێوەی نەدا مار

ئاوری بن کایە، بۆسۆی لێنایە
دزی خۆماڵی لە گرتن نایە

ئەگەر بکەویە بەر هەڵمەتی شێر
قەت پەنا نەبەی بۆ ڕێوی بێخێر!

وەختێک ئەزانی مانای حەوسەڵە
بە کەوچکە ئاوی نەکەویە مەلە!

میوان نایەوێ سفرەت ڕەنگین بێ!
نانت جۆیین بێ و خوڵقت گەنمین بێ!

بۆ ئەم نەزیلەش گوێ ڕابدێرە
چێشتی پڕ کابان، بێخوێ یا سوێرە

کەسێ نەگبەتی بێتە سەر شانی
پەڵووڵە بخوات، دەشکی ددانی

حەزدەکەی دوور بی لە گێرە و کێشە
بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕابکێشە!

ئیش بەبێ زەحمەت مەحاڵە بوونی
پیاو ماسی بگرێ، تەڕ دەبێ قوونی



هیوادارم بەدلتان بێت دیلان

# ڕۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی ڕەزبەر (سپتامبر - ئۆکتۆبر)




ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| | | **September - سپتامبر** |
| ١ | ٢٣ی سپتامبری ١٩٧٣ | کۆچی دوایی ڕەمەزی قەزاز مێژوونووس و ئەدیبی گەورەی و بەتوانای کورد. |
| ٢ | ٢٣ی سپتامبری ١٨٨٠ | رزگار و ئازاد کردنی شاری ورمێ لە لایەن شێخ عوبەیدوڵلای نەهری. |
| ٣ | ٢٣ی سپتامبری ١٩٢٥ | کۆمەڵەی گەلان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نامەیەکی ئاراستەی دادگای نێودەوڵەتی کرد. |
| ٤ | ٢٣ی سپتامبری ١٩٧٥ | کۆچی دوایی مەلا مستەفا ناسراو بە (عاسی) شاعیری گەورەی کورد لە شاری کۆیە. |
| ٥ | ٢٤ی سپتامبری ١٩٨٠ | ماڵئاوایی مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە، لە شاری تەورێز مامۆستا لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی تەورێز، و هاوکاریی ڕۆژنامەی «کورد». |
| ٦ | ٢٤ی سپتامبری ١٩٦٨ | ڕێژیمی بەعس بەفەرمی جێژنی نەورۆزی ناسی و ئەو ڕۆژەی بەپشووی فەرمی لە باشووری کوردستان ڕاگەیاند. |
| ٧ | ٢٥ی سپتامبری ١٩٠٨ | دامەرزرانی کۆمەڵەی بەرزی پێشکەوتنی کورد ، ئەو کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێک لە کەسایەتی ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووس و ئەفسەرانی بەرزی کوردەوە لە شاری ئەستەمبوڵ. |
| ٨ | ٢٦ی سپتامبری ١٩٣٠ | شەهید کردنی سمایل خانی شکاک (سمکۆ) بە پیلانی فەرماندەی هێزی شنۆ سەرهەنگ سادق خانی لە کاتی وتوێژکردندا لە شاری شنۆ. |
| ٩ | ٢٦ی سپتامبری ١٩٢٥ | لە سێدارە دانی باهۆس ماکار ئەسکەندەریان بەدەست دەسەلاتدارنی دەوڵەتی تورکیا،باهۆس پاشا سەرکردەی بزافی رزگاریخوازی ئەرمەنەکان بوو یەکێک بووە لە هاوکارە مەزنەکانی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشەکەی، |
| ١٠ | ٢٦ی سپتامبری ١٩٤٥ | پێک هاتنی کۆنگرەی فەرهەنگی ئەدەبی کوردی لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ١١ | ٢٦ی سپتامبری ١٩٩٥ | کۆنگرەی جیهانی سێهەم دەربارەی زانای کورد و ئیسلام سەعیدی نەوروسی. |
| ١٢ | ٢٦ی سپتامبری ١٩٩٦ | پەرلەمانی کوردستان متمانەی بە کابینەی سێهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی ڕۆژ نوری شاوەیس. |
| ١٣ | ٢٧ی سپتامبری ١٩٨٦ | دەستی پێکردنی کۆنگرەی یەکەمی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری مەهاباد. |
| ١٤ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٨٥ | کۆچی دوایی حەسەن قزلجی چیرۆکنۆوس، ڕۆژنامەنووس و خەباتگێری کورد لە شاری تاران. |
| ١٥ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٢٤ | کۆچی دوایی عادیلە خانمی یەکێکە لە ئافرەتە ناودارەکانی کوردستان،و ژنی وەسمان پاشای جاف، کچی عەبدولقادر بەگی ساحێبقرانە شاری هەڵەبجە. |
| ١٦ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٦٣ | ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەستی بەبڵاو کردنەوەی ئاسایی خۆی لە شاخەکانی کوردستان کرد. |
| ١٧ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٩٣ | شەهید بوونی عەبدوڵلا شەریفی ڕووناکبیر و تێکۆشەری سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی گەورکی مەهاباد لە کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی. |
| ١٨ | ٢٩ی سپتامبری ١٩٧١ | هەولی تیرۆر کردنی مەلا مستەفا بارزانی لە لایەن دەزگای ئەمنی عێراق لە حاجی ئۆمەران بەتەقاندنەوەی چەند زانایەکی ئایینی . |
| ١٩ | ٢٩ی سپتامبری ١٩٨٨ | هێرشی شیمیای ڕیژیمی عێراق بۆ سەر بەرواری باڵا و گەلی بازێ. |
| ٢٠ | ٢٩ی سپتامبری ٢٠٠٧ | گەورەترین خەڵاتی کولتووری فەرانسە بەناوی لێژیون دۆنور دەرابە هونەرمەندی گەورەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهرام نازری. |
| ٢١ | ٢٩ی سپتامبری ٢٠١٠ | پێنج کاندیدی کوردی نێشتەجی سوئید لە هەڵبژاردنەکانی سوئید بۆ پارڵەمانی ئەم وڵاتە هەڵبژیردران. |
| ٢٢ | ٢٩ی سپتامبری ١٩٨٨ | چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەم گۆڤاری بەرەی کوردستانی باشووری کوردستان. |
| ٢٣ | ٣٠ی سپتامبری ١٩٩٢ | قەدەغەکردنی ناوی کوردی لە لایەن حکوومەتی دیکتاتوری سووریيە. |

| | | |
|---|---|---|
| | | **October - ئۆکتۆبر** |
| ٢٤ | ١ی ئۆکتۆبری ١٩٠٨ | ڕاپەڕینی بارزانیەکان بە سەرکردایەتی شێخ عەبدوولسەلام بارزانی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، |
| ٢٥ | ١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی هونەرمەندی پێشمەرگە محەممەدجەزا خاوەنی کۆمەڵێک گورانی و سروودی شۆرشگێر،بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە شاری سلێمانی. |
| ٢٦ | ١ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ | ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی پەسند کرد. |
| ٢٧ | ١ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٥ | نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی فەرمی پێوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست پێکرد. |
| ٢٨ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠ | گرتنی شاری میاندواو و دەڤەرەکە لەلایەن لەشکری کورد. |
| ٢٩ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٠٨ | دامەزرانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد لەلایەن ئەمین عالی بەدرخان، شەریف پاشا، شێخ عبدولقادری شەمزینی، داماد ئەحمد و زولکەفل پاشالە شاری ئەستەمبوڵ. |
| ٣٠ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ | پەرلەمانی کوردستان لە بڕیاری ژمارە ١٦ کە لە ٢٨ خاڵ پێکهاتبوو هەڵگرتنی چەکی،لە هەرێمی کوردستان پەسند کرد. |
| ٣١ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٤٣ | دەستی پێکردنی شۆڕشی جەماوەری کە بەشۆڕشی دووەمی بارزان ناودێر کراوە بەسەرۆکایەتی نەمر مستەفا بارزانی. |
| ٣٢ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٨٥ | لەسێدارە دانی شەهید تەها حەق تەڵەب چالاکوانی سیاسی و ڕووناکبیرێکی پێگەیشتوو و خەباتگێر.لە بەندیخانەی ئەوین لە تاران. |
| ٣٣ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٥٨ | کۆچی دوایی ئەدیبی کورد ئەبو زێد مستەفا سندی. |
| ٣٤ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٧١ | کۆنگرەی یەکەمی یەکیەتی قوتابیانی کورد و دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە لە لوبنان. |
| ٣٥ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٩٠ | کورد بە ٣٠٠ کتێب بەشداری لە پێشانگای جیهانی کتێبدا کرد لەشاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا. |
| ٣٦ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٣٤ | بۆمبارانی شاری سلێمانی لە لایەن هێزەکانی بریتانیا. |
| ٣٧ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٣٢ | سەرهەڵدانی باشوری کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی برای مەلا مستەفا. |
| ٣٨ | ٤ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ | پەرلەمانی کوردستان لە بڕیاری ژمارە ٢٢ کەلە ٣٠ خاڵ پێک هاتبوو شێوازی حوکمی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق پەسندکرد. |
| ٣٩ | ٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ | پەرلەمانی کوردستان بەبەشداری هەرسێ فراکسیۆنی پارلەمان کۆبونەوەیەکی چارەنوس سازی بۆ یەکخستنەوەی ناوماڵی کورد پێک هێنا، پاش ئەوەی لە مای ١٩٩٤ بەهۆی شەڕی ناوخۆ پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دوولەت کردبوو، |
| ٤٠ | ٤ی ئۆکتۆبری ١٩١٤ | لە سێدارە دانی شێخ عەبدوولسەلامی بارزانی پاش ئەوەی بە شێوەیەکی خیانەتکارانە دەست گیرکرا لە لایەن عوسمانییەکان لە شاری موسڵ. |
| ٤١ | ٤ی ئۆکتۆبری ١٩٧٨ | کۆچی دوایی کامران بەدەرخان نووسەر، پسپۆری زمانی کوردی و مامۆستا لە زانکوی سۆربۆن لە پاریس. |
| ٤٢ | ٤ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ | تیرۆری کاوە عەلی(دوکتور سیروان)یەکەم سکرتێری یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان،لەباشووری کوردستان. |
| ٤٣ | ٥ی ئۆکتۆبری ١٩٢٧ | دامەزرانی کۆمەڵەی خۆیبوون ئەو کۆمەڵەیە لە شۆڕشی ئاگری داغ و لە مێژووی سیاسی و رۆشنبیری کوردا پێگەیەکی دیارو گرنگی پەیدا کرد، |
| ٤٤ | ٥ی ئۆکتۆبری ١٩٧١ | یەکەم قوتابخانەی کوردی لەشاری موسڵ کرایەوە کەناوی نەبی یونس بوو. |
| ٤٥ | ٥ی ئۆکتۆبری ١٩٧٩ | پێک هاتنی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتی نووسەرانی کورد لەشاری بەغدا. |
| ٤٦ | ٦ی ئۆکتۆبری ١٩٧٩ | پێک هاتنی کۆنگرەی شەشەمی ئەدیبانی کورد. |
| ٤٧ | ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ | دامەزرانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ(D.H.R.D)لە هەریمی کوردستان. |
| ٤٨ | ٦ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ | هێنانەوەی تەرمی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی لە ئێرانەوە بۆ کوردستان . وپێشوازی بێ وێنە کۆمەڵانی خەڵک. |
| ٤٩ | ٦ی ئۆکتۆبری ١٩٧٩ | ساڵرۆژی دامەزارانی سپای رزگاری کوردستانی ئێران |
| ٥٠ | ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٠١ | ماڵئاوایی کەریم حیسامی نووسەر،وەرگێر وچالاکوانی سیاسی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سوئید. |
| ٥١ | ٧ی ئۆکتۆبری ١٩٢١ | سمکۆ خانی شکاک بەخۆیی سوپاکەیەوە پەلاماری شاری مەهاباد دەدات و لەکاتێکی کەمدا سوپای ئێران تێکدەشکێنێت و (٤٠٠) سەرباز بەدیل گرت. |
| ٥٢ | ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١١ | تیرۆری مەشعەل تەمۆ، وتەبێژی ڕەوتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی سووریە، لە شاری قامیشلۆ، لە ڕۆژئاوای کوردستان . |
| ٥٣ | ٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی محەممەد عارف دامەزرێنەری کۆلێژی هونەرجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین و مامۆستای شێوەکار،و ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندان،لەهەولێر |
| ٥٤ | ٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩٠ | کۆچی دوایی کاکەی فەلاح شاعیری خەبات و ڕاپەڕین ڕۆژنامە نووسی لێهاتوو لە شاری سلێمانی. |
| ٥٥ | ٩ی ئۆکتۆبری ١٩٥٦ | کۆچی دوایی شێخ مەحموود حەفید شۆرشگێرو پاشای کوردستان لە شاری بەغدا.لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی بە خاکی کوردستان سپێردرا، |
| ٥٦ | ٩ی ئۆکتوبری ١٩٩١ | پێک هاتنی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان. |
| ٥٧ | ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٠ | کۆچی دوایی نەسرین شێروانی هونەرمەندی کورد. |
| ٥٨ | ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٤ | ماڵئاوایی عوسمان سەبری(ئاپۆ عوسمان) یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریە و نووسەری گۆڤاری هاوار بە پیتی لاتینی لە شاری دیمشق. |
| ٥٩ | ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ | ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بڕیاری ژمارە ١٧ کە لە ٢٣ مادده پێک هاتبوو لەسەر یاسای دامەزرانی حیزب و ڕێکخراوە لە هەرێمی کوردستان دا، |
| ٦٠ | ١١- ئۆکتوبری ١٩٧٥ | کۆچی دوایی محەممەد مەردۆخی زانای بەناوبانگی کورد. |
| ٦١ | ١١- ئۆکتوبری ٢٠٠٧ | کۆچی دوایی محەممەد ئۆزون نووسەری بە توانای باکووری کوردستان لە شاری دیاربەکر. |
| ٦٢ | ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ | بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکوومی، میوانانی دەرەکی و پێشوازی ژمارەیەکی بەرچاو لە جەماوەری شاری هەڵەبجە لە ڕێورەسمێکی شکۆدار پەردە لە سەر پەیکەری "مەولەوی" شاعیری ناوداری کورد هەڵدرایەوە. |

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

| | | |
|---|---|---|
| ٦٣ | ١٢ی ئۆکتۆبری ١٩٤٣ | کۆچی دوایی مەلای گەورەی کۆیە زانا لە بوارەکانی تەفسیر،زانستی ئەووسۆل،فیقهی ئیسلامی وچیرۆک و هونراوەی کوردی لە شاری کویە. |
| ٦٤ | ١٢ی ئۆکتۆبری ١٩٩٧ | کۆچی دوایی شاعیری کورد خاتوو خورشدە بابان. |
| ٦٥ | ١٢ی ئۆکتۆبری ١٩٩٧ | چاپ وبڵاوکردنەوە رۆژنامەی وەرزشی برایەتی لەشاری هەولێر. |
| ٦٦ | ١٢ی ئۆکتۆبری ١٨٨٣ | شێخ عوبەیدوڵای نەهری سەرکردەی شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ ی کوردستان،لە شاری مەدینە کۆچی دوایی کرد ، |
| ٦٧ | ١٣ی ئۆکتۆبری ١٩٥١ | کۆچی دوایی جەمیل سائیب چیرۆک نووسیی ناسراوی کورد و سەرنووسەری رۆژنامەی ژین لەنەخۆشخانە لە شاری بەغدا. |
| ٦٨ | ١٤ی ئۆکتۆبری ١٩٨٩ | پێک هاتنی کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی بۆ بەرگریکردن لە مەسەلەی کورد لە پاریس پایتەختی فەرانسە. |
| ٦٩ | ١٤ی ئۆکتۆبری ١٩٢٧ | یەکەمین بیری نەوت لە بابەگورگوری نزیک شاری کەرکوک دۆزرایەوە،ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی گەورەی دەرهێنانی نەوت لە کوردستان |
| ٧٠ | ١٥ی ئۆکتۆبری ١٩٠٩ | بڵاوکردنەوە ژمارەی یەکی گۆڤاری مەشروتیەت بەزمانی کوردی لەشاری پاریس لەلایەن شەریف پاشا. |
| ٧١ | ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٥ | بەرێوەچوونی راپرسی و پەسەند کردنی یاسای بنەرەتی و سیستمی فیدراڵی لە عێران. |
| ٧٢ | ١٥ی ئۆکتۆبری ١٩٩١ | پێکهاتنی کۆنگرەیەکی دیرۆکی و گرنگی نووسەرانی کورد لە هاوینەهەواری شەقلاوەدا، |
| ٧٣ | ١٦ی ئۆکتۆبری ١٩٢٥ | راپرسیی لە کوردستان بەچاوە دیری لیژنەیەکی نێودەوڵەتی ،لەو راپرسی یەدا دەنگ بە سەربەخۆیی درا.بەڵام ئەم ئەنجامە لەبەرژەوەندی وڵاتانی هاوپەیماندا نەبوو، هەربۆیە ئینگلیزەکان لەدژی وەستان و باشووری کوردستانیان بە دەوڵەتە تازە دروست کراوەکەی عێراقەوە لکاند، |
| ٧٤ | ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٢٥ | رێکخراوی کۆمەڵەی گەلان لە بریارێکی نوێیدا، داوای لە حکوومەتی بەریتانیا کرد، ئیدارەیەکی کوردی لە ناوچەکانی کوردستانی عێراقدا دامەزرێنێ ، |
| ٧٥ | ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٩٤ | کۆچی دوایی رەسووڵ گەردی(رەسوڵ ئیبراهیم سوڵتانە)هونەرمەندی حەیرانبێژ و مەقامی رەسەنی کورد لە شاری هەولێر. |
| ٧٦ | ١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤ | ماڵئاوایی پیربال مەحموود ئیبراهیم شاعیرو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر. |
| ٧٧ | ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٢٢ | دامەزرانی یەکەمین کۆمەڵی شارەوانی کورد لە لایەن شێخ مەحموودەوە. |
| ٧٨ | ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی ئیسماعیل عومەر سکرتێری پارتی یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریە بەهۆی سەکتەی مێشکەوە،لە شاری قامیشلۆو لە رۆژئاوای کوردستان |
| ٧٩ | ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٥٧ | گیان لەدەست چل کەس،و زیان و زەرەری گەورە بە موڵک وماڵی هاولاتیان بە هۆی لافاوێکی گەورە کە لە شاری سلێمانیدا روویدا، |
| ٨٠ | ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣ | دەست پێ کردنەوە خوێندن بەزمانی کوردی لە شاری کەرکوک. چۆنکە ماوەی ٢٩ساڵ بوو، کورد ، خوێندنی بە زمانی کوردی لێ قەدەغەکرابوو، |
| ٨١ | ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩٤ | بۆیەکەم جار کچە کوردێک لەووڵاتی سوئید بووە ئەندامی پەرلەمانی ئەو ووڵاتە. |
| ٨٢ | ١٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩٨ | کردنەوەی مەڵبەندی کوردستان بۆ تۆری کۆمپیوتەر (kurdnet) لەهەولێر. |
| ٨٣ | ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٧ | تەحویل دانەوەی ٧ تێکۆشەری حیزب دیموکراتی کوردستان لە لایەن بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق بە سەرانی دژی گەلی کۆماری ئیسلامیی ئێران |
| ٨٤ | ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩١ | هەڵبژاردنی لەیلا زانا ژنە کوردی شار دیابەکر وەک یەکەم ئەندام پارڵەمانی تورکیە. |
| ٨٥ | ٢٠ی سیپتامبری ١٩٨٧ | کۆچی دوایی مامۆستا تاهیر توفیق هونەرمەندی ناودار،و گۆرانێبیژی مەقامی کوردی. |
| ٨٦ | ٢٢ی ئۆکتوبری ١٩٨٤ | کۆچی دوایی جگەرخوین(شێخ مووس شاعیری لێهاتوو و نیشتمانپەروەری کورد لە سوئید. |
| ٨٧ | ٢٢ی ئۆکتوبری ١٩٩٨ | وەرگرتنی هەردوو زانکۆی دهۆک و سلێمانی لەیەکیەتی زانکۆکانی جیهانی. |
| ٨٨ | ٢٢ی ئۆکتوبری ١٩٢٦ | مۆرکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاریکاری لەنێوان ئێران و تورکیە بۆ سەرکوتکردنی شۆرشەکانی کورد. |
| ٨٩ | ٢٢ی ئۆکتوبری ١٩٦٣ | دەوڵەتی عێراق و سووریە لەشاری زاخۆ لەبارەی لەناوبردنی شۆرشی کورد کۆبوونەوەو سووریە ٣ هەزار سەربازی خستە پاڵ سپای عێراق. |
| ٩٠ | ٢٢ی ئۆکتوبری ١٩٦٨ | دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی. |
| ٩١ | ٢٢ی ئۆکتوبری ١٩٧٠ | چاپ و بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری زانیاری بەزمانی کوردی لەشاری بەغدا. |
| ٩٢ | ٢٢ی ئۆکتوبری ١٩٨٧ | کۆچی دوایی زانای زمانەوانی کورد د.کامیل حەسەن بەسیر. |








# بەهار هەر دێ




لە گیاندانا دەگوڕڕێنم: بژی کورد و کوردستان
بە گوللەی دوژمنانی گەل دڵێشم بێتە ڕاوەستان
پشووی دواییم دەخوێنم بۆ گوڵ و گوڵزاری ئەم خاکە
لەسایەی ئەم گوڵ و گوڵزارە یە بوومە هەزار دەستان
دەزانن زامی دیلی چەند بەئێش و چەند بە ئازارە!
دەبێ ڕابێین هەتا ئێمەش دەگەینە ڕێزی سەربەستان
خەتای خۆمانە تا ئێستا، کە هەروا کۆیلە و دیلین
ئەوانەی شاد و ئازادن کەمێ زووتر لە خەو هەستان
نەتاندیوە کە ڕووباری خوڕێن بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر زۆر و زۆرداری دەسووتێنێ گڕی هەستان
لە مەیدانی شەڕانخێوی خەباتی قەڕنی بیستەمدا
سەرم سووڕما کە ئەسپی سووکە سواری کوردی بۆ وەستان
وەڵامی دامەوە پیرێکی ئازادەی جیهاندیدە:
خەتای سواران نەبوو، پێش سوارەکانمان قورس و ناوەستان
هەتا کەنگێ سیا چاڵی بە سامی دوژمنی زاڵم
پڕواپڕ بێ لە ڕوڵەی گەل، جمەی بێ وا لە دەس بەستان
هەتا کەی ئەشکی خوێنینی کچە کوردی برا کوژراو
لە جێی بادە و لەبەزمی دوژمنان بدرێتە دەس مەستان
مەترسن ڕۆڵەکانی قارەمانی گەل لە گیانبازی
لە کۆڕی ئەم خەباتە بی وچانە تاقەیەک هەستان
سەهۆڵبەندانی بیدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە
بەڵام لێم سوورە وەک ڕۆژی، بەهار هەر دێ لە دووی زستان
بەخەڵکی عالەمی سەلماندووە تاریخی ئازادی
دەبێ زاڵم لەبەر تێکۆشەران بەرداتەوە دەستان

مامۆستا هێمن